بە واژۆی ژاکان جبوری بڕیاری ڕووخاندنی خانووی هاوواڵاتییانی کورد لە قزلیاری کەرکووک دەرچوو

بەیانی دوێنێ یەکشەممە هێزێک لەپۆلیسی فیدراڵی عێراق چوونەتە سەر گوندی قزلیاری لەسنووری پارێزگاری کەرکووک بەمەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری پارێزگاری ناشەرعی کەرکوک لەسەر ڕووخاندنی خانووەکانی گوندەکە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5868) دووشەممە 11ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

نێچیرڤان بارزانی و محەمەد بن زاید دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز شێخ محەمەد بن زاید جێنشینی ئەبو زەبی و جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ئیمارەتی ئەبو زەبی، دوایین پێشهاتەکانی دۆخی عێراقیان تاوتوێ کرد و هەردوولا جەختیان لە گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە عێراق و ناوچەکە کردەوە. ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 10/11/2019لە ئەبو زەبی، لە کۆبوونەوەیەکدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و بەڕێز شێخ محەمەد بن زاید، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و دیالۆگی چارەسەرکردنی کێشەکان، خواستی هەردوولا بۆ چۆنیەتیی پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکان، دەرفەتی کار و وەبەرهێنان بۆ کەرتی تایبەتی ئیماراتی لە هەرێمی کوردستان و لەوێشەوە بۆ تەواوی عێراق، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەیان خستە بەر باس و گفتوگۆ.

پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی، مەترسی لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و گرنگیی هەماهەنگیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی مایەی بایەخی هەردوولا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی ڤاتیکان لە عێراق دەکات

باڵیۆزی ڤاتیکان: ئەوەی پێشمەرگە ئەنجامی دا کارێک بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی

دوێنێ یەکشەممە 2019/11/10 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئاڵیێرتۆ مارتین ئۆرتیگا باڵیۆزی ڤاتیکان لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا باڵیۆزی ڤاتیکان لە عێراق سوپاسی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و، ڕایگەیاند ئەوەی پێشمەرگە ئەنجامی دا کارێک بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی. هەروەها پێزانینیشی هەبوو بۆ خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژانی تەنگانەدا ئاوارە و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانیان پاراست و دەرگەیان بۆ کردنەوە.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتەکان و ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵک لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق تاوتوێ کرا و جەخت لە ڕەوایەتیی داواکاریی هاوواڵاتیان و خۆپێشاندانی ئاشتیانە کرایەوەو هەردوولا لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە تونددوتیژی جا لە هەر لایەک بێت کێشەکانی عێراق قوواڵتر دەکاتەوە.

پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڤاتیکان تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

زۆرینەی فراکسیۆنەکان لەگەڵ مانەوەی عەبدولمەهدین

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیان وایە، دەستەلەکارکێشانەوەی عادل عەبدلمەهدی ڕەوشی عێراق بەرەو خراپتر دەبات و کێشەکان زیاتر دەکات. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ڕاپۆرتێکی فۆرین پۆلیسی پلانی ئەردۆغان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرا دەکات

هەفتەنامەی «فۆرین پۆلیسی» لە ڕاپۆرتێکدا جەخت دەکاتەوە، پلانەکانی تورکیا لە سووریا، بەشێکن لە هەوڵە دریژخایەنەکانیان بۆ گۆڕینی نەخشەی دیمۆگرافی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە سەرەتای دارشتنی ئەو سیاسەتە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



ژمارەی ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق زیادکرا

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد، بڵاویکردەوە ژمارەی ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق لە سێ کەسەوە بۆ شەش کەس زیادکرا. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ڕێژەی گەشتی هاوواڵاتییانی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بۆ 70% کەمی کردووە

دوای لەشکرکێشیی سوپای تورکیاو چەکدارە توندڕەوەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان کەمتر بۆ تورکیا گەشت دەکەن و یاریدەدەری کۆمپانیایەکی گەشتیاریش دەڵێت لەو کاتەوە ڕێژەی گەشتی هاوواڵاتییانی هەرێم بۆ تورکیا 60% بۆ 70% کەمی کردووە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

لە دیاردەیەکی فەلەکیی دەگمەن

نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەسارەی (عوتارد) بە پێش خۆردا تێدەپەڕێت

وەک یەکێ لە دیاردە فەلەکییە دەگمەنەکان کە لە ئاسمانی وڵاتان بە گشتی و هەندێ جاریش لە کوردستان بە تایبەتی دەبینرێت، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە کاتژمێر 03:35، هەسارەی هەرە نزیک لە خۆر (عوتارد)، بە پێش خۆردا تێدەپەڕێت. (زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)



عێراق.. لە خۆپیشاندانەکانی ناسرییە 40 خۆپیشاندەر بریندار بوون

بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار، 40 خۆپیشاندەر بریندار بوون لە نێویاندا ژمارەیەک قوتابی و مامۆستا هەن. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

وەزارەتی بازرگانیی عێراق

چاکسازی لە بەشەخۆراکی مانگانەی هاوواڵاتیان دەکات

دوێنێ یەکشەممە، وەزارەتی بازرگانیی عێراق لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، وەزارەتەکەی وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ خۆپیشاندەران، کۆمەڵێک چاکسازی دەکات.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

شێوازی جێگیربوونی سەربازانی ئەمەریکا لە سووریا دەگۆڕێت

سوپای ئەمەریکا لە کاتی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە نیوەی زیاتری ئەو بنکە سەربازییانە کشایەوە کە لە سووریا لێی جێگیر ببوو، بەڵام دواتر گەڕانەوە بەشێک لە بنکەکان و هەبوونی سەربازی خۆیشی لەو ناوچانەی کێڵگەی نەوتی لێن بەهێزتر دەکات. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

فازڵ میرانی پێشوازی لە مەسعود تەک سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکوور کرد





پێش نیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە 2019/11/10 فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی کرد لەمەسعود تەک سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان باکوور و شاندی یاوەری. فازڵ میرانی وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان ڕۆشنایی خستە سەر ڕەوشی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و پێشهاتە تازەکان و هەروەها میرانی تەئکیدی کردەوە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر دووری لە پرەنسیپەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و لە سەرووبان پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە هەمان کات دا دەستی هاوکاری و یارمەتیدان درێژ دەکەین بۆ لێقەوماوان بە بێ جیاوازی لە نێوان نەتەوەو ئایین و مەزهەب.

هەروەها میرانی ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکوور psk میژوویین و هەر لە دەستپێکیشدا ئەم پەیوندییانە لە خزمەتی گەلی کوردستاندا بووە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆشگوزەرانی وەک هەموو گەلانی جیهان.

لەلای خۆیەوە مسعود تەک سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکوور psk زۆر سوپاسی م. س پارتی کرد بۆ ئەم پێشوازیە گەرمەی کە لێیان کراوەو دووپاتی کردەوە کە گەلی کوردستان یەک دەردو یەک ئازارو یەک ئامانجیان هەیە ئەوەش بە سەربردنی ژیان بە سەرفرازی لەسەر زێدی خۆیان و گەلی کوردستان هەر لە مێژینەوە پەرۆشی ژیانێکی سەقامگیرو پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیەو ئەمە لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی گەلی کوردو کوردستانە. مسعود تەک پەیوەندی دووقۆڵی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکوور psk بە پێشکەوتوو وەسفی کرد و هیوای خواست کوردستان هەر لە پێشکەوتن و گەشەسەندنا بێت.

ماوەی یاسایی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کۆتایی دێ

لە مانگی 12ی ئەمسااڵدا وادەی یاسایی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت و بۆ ئەمەش کۆمسیۆنەکە داوای چارەسەر لە حکوومەت دەکات. سیاح کورەچی، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیاران بە خەباتی ڕاگەیاند، بەپێی ئەو یاسایەی کۆمیسیۆنی پێ دامەزراوە، پێنج ساڵ جارێک دەبێت سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران هەڵبژێردرێن، کۆمیسیۆنی ئێستەش نزیکەی مانگێک ماوەی یاسایی ماوە و دەبێت پێش کۆتایی ئەمساڵ، کێشەی ماوەی یاساییان چارەسەر بکرێت.

ڕوونیشی کردەوە، ماوەیەک پێش ئێستا بە نووسراو پەرلەمانی کوردستانیان ئاگادارکردووەتەوە کە چارەسەری کێشەی یاسایی کۆمیسیۆن بکەن، بەڵام تا ئێستا وەڵامی نووسراوەکە نەدراوەتەوە. بەپێی یاسا، ڕۆژی 2019/12/23 وادەی یاسایی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت کە پێشتر سەرۆک و ئەنجومەنی کۆمسیاران، بەپێی ڕێککەوتنی لایەنەکان لە نێوان "پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ" دا دابەش کرابوون.

تەواوی دانیشتوانی گوندەکە کوردن

بە واژۆی ڕاکان جبوری بڕیاری ڕووخاندنی خانووی هاووڵاتییانی کورد لە قزلیاری کەرکووک دەرچوو

ڕاکان جبوری پارێزگاری ناشەرعی کەرکووک بڕیاری ڕووخاندنی خانووەکانی گوندی قزلیاری لە سنوری پارێزگای کەرکووک دەرکرد، لەمبارەیەوە هەڵۆ جەباری پەیامنێری کوردستان تیڤی ڕایگەیاندووە: بەیانی دوێنێ یەکشەمە هێزێک لەپۆلیسی فیدراڵی عێراق چوونەتە سەر گوندەکە بەمەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری پارێزگاری ناشەرعی کەرکوک لەسەر ڕووخاندنی خانووەکانی گوندەکە. پەیامنێرەکەی کوردستان تیڤی ڕاشیگەیاندووە: تەواوی دانیشتوانی گوندەکە کوردن و نیەتی پارێزگاریش لەو بڕیارە ئەوەیە دەیانەوێت عەرەبی هاوردە بیانخەنە شوێنیان.

دانیشتوویەکی گوندەکەش ڕایگەیاندووە: لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی عێراقەوە بەر لەمانگێک ئاگادار کراینەوە کە گوندەکە جێبهێڵین، ڕاشیگەیاند: بەیانی ئەمڕۆش هێزەکە هاتوون و ئامادەکارییان دەستپێکردووە بەمەبەستی ڕووخاندنی خانووەکانمان. هەروەها گوتیشی: بڕیارەکەیان سیاسییە و ئێمە لەساڵی 1970 لەو گوندەین و تەواوی دانیشتوانی گوندیش کوردنشین و دەیانەوێت عەرەبی هاوردە لەشوێنی ئێمە نیشتەجێ بکەن و جۆرێکی نوێیە لەتەعەریب لەسنوری کەرکووک دەستپێکردووە بەبڕیاری ڕاکان جبوری پارێزگاری کەرکووک.

زۆرینەی فراکسیۆنەکان لەگەڵ مانەوەی عەبدولمەهدین

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیان وایە، دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدلمەهدی ڕەوشی عێراق بەرەو خراپتر دەبات و کێشەکان زیاتر دەکات.

بەیار دۆسکی، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: زۆرینەی فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەو بڕوایەدان، لادانی عادل عەبدولمەهدی بۆشاییی سیاسی پەیدا دەکات و لە بەرژەوەندیی گەلی عێراق و خۆپێشاندەرانیش نییە.

بەیار دۆسکی دەشڵێ: زۆربەی فراکسیۆنەکان لەگەڵ مانەوەی عادل عەبدولمەهدین، کە بەردەوام بێت لە پۆستەکەیدا و پرۆژەی چاکسازی کارا بکرێت و خواستەکانی خۆپێشاندەران جێبەجێ بکرێن، چونکە هەموویان دەزانن هەڵبژاردنێکی دیکە سااڵنێک زیاتر دەخایەنێت و ئەمەش هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت.

هندرین لەزگین، ئەندامی لیژنەی نەزاهە ڕایگەیاند: هەندێک لایەن دەیانەوێ ئاژاوەیەک بکەوێتە نێو عێراق و دەستی دەرەکیش کەوتوونەتە نێو خۆپێشاندەران، بۆیەش مانەوەی عادل عەبدولمەهدی بۆ جێبەجێکردنی داواکانی خۆپێشاندەران باشترە لەوەی حکوومەت هەڵبوەشێنرێتەوە.

لەزگین ئاماژەی بەوەش کردووە: پرۆژەی چاکسازی بەردەوامە و دوێنێ لیژنەیەکیش پێکهێنراوە بۆ نەمانی ئیمتیازاتی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەموو پلەکانی وەزیر و پلە تایبەتەکان.

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان

کۆبوونەوەی فراوانی فراکسیۆنەکان بەڕێوەچوو



بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروباری لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا، دوێنێ یەکشەمە 2019/11/10 بەسەرپەرشتیی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونی منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی پەرلەمان، کۆبوونەوەی فراوانی فراکسیۆنەکان بەڕێوەچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەگرنگیی ڕێکخستنەوەی کاری لیژنەکان لە بەدواداچوون و تاوتوێکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە ئاراستەی لیژنەکان دەکرێن کردو تیشکی خستەسەر سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەو دابەشکردنی کاری لیژنەکان و ڕایگەیاند: دوای جیابوونەوەی چەند لیژنەیەک لە یەکتری و زیادبوونی چوار لیژنەی دیکە بۆ سەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و دوای دەنگدان لەسەر ناوی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی هەر چوار لیژنە نوێیەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا، کۆبوونەوەیەکی فراوان ڕێکدەخەین بۆ ڕێکخستنەوەو دۆزینەوەی شێواز و میکانیزمی کاری هەر 19 لیژنەکان دەستبەکار بن.

شایەنی باسە لە کۆبوونەوەی پێشووی فراکسیۆنەکان کە بەسەرپەرشتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوەچوو بەگوێرەی بەرکەوتەی هەڵبژاردن و ڕێککەوتنی فراکسیۆنەکان سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان بۆ فراکسیۆنی پارتی و سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان بۆ فراکسیۆنی یەکێتی و سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ بۆ فراکسیۆنی گۆڕان و سەرۆکی لیژنەی کاروباری پەرلەمان بۆ فراکسیۆنی یەکگرتوو یەکلاکرانەوە.

ڕێژەی گەشتی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بۆ 70% کەمی کردووە

کۆمپانیایەکی گەشتیاری: ئێستا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کەمتر سەردانی تورکیا دەکەن

دوای لەشکرکێشیی سوپای تورکیا و چەکدارە تۆندڕەوەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کەمتر بۆ تورکیا گەشت دەکەن و یاریدەدەری کۆمپانیایەکی گەشتیاریش دەڵێت لەو کاتەوە ڕێژەی گەشتی هاووڵاتییانی هەرێم بۆ تورکیا 60% بۆ 70% کەمی کردووە. دیدار عەبدولڕەحمان، یاریدەدەری کۆمپانیای VISATAی گەشتیاری لە هەولێر بە خەباتی ڕاگەیاند: سەرەڕای ئێستا بەرەو زستان دەڕۆین و بەگشتی گەشتکردن کەمی کردووە بەهۆی نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما لە تورکیا، بەڵام هاتوچۆیش هەر هەیە و تایبەت بە مەبەستی چارەسەریی نەخۆشی، بەڵام ئەو کەسانەی سەردانی کۆمپانیا دەکەن، یەکەم شت دەپرسن ئەگەر ترانزێت بۆ ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی بێت سەفەر دەکەین و گەر بۆ تورکیا بێت، ئامادە نین لە تورکیا دابەزین بە تورکیادا بڕۆین و ئەمەش زۆر کاریگەریی هەبووە لەسەر گەشتکردنی هاووڵاتیانی کورد بۆ تورکیا.

گوتیشی: بەگشتی ئێستا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کەمتر سەردانی تورکیا دەکەن، بەتایبەت دوای ئەوەی هاووڵاتیان بایکۆتی کەرەستەی تورکییان کردووە، ئێستا گەشتیاران لەجیاتی تورکیا بە ڕێژەیەکی باش سەردانی وڵاتە ئاسیاییەکان دەکەن، پار لە هەمان وەرز گەر ڕۆژانە 100 گەشتیار سەردانی تورکیایان کردبێت، ئێستا کەمی کردووە بۆ50 گەشتیار و ئەمەش دوای ئەوە هات کە تورکیا هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەوەشی خستە ڕوو: پێشتر داوای ژمارەیەکی زۆر قیزای تورکیامان دەکرد، بەڵام ئێستا ڕێژەکە 60% بۆ 70% کەمی کردووە و بەشێکی زۆر پەیوەندیی بە بایکۆتی کەرەستەی تورکیەوە هەیە و بەشێکی هاووڵاتیان ترسیان هەیە سەردانی تورکیا بکەن، بەهۆی ئەوەی تورکیا کێشەیان بۆ دروست دەکات.

لەمبارەوە نادر ڕۆستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: کاری سەرەکیی ئێمە لە دەستەی گەشتوگوزار هێنانی گەشتیارە بۆ کوردستان، بەڵام بەگشتی لەم وەرزەدا سەردان و هاتوچۆی گەشتیاران لەسەر ئاستی جیهان کەمە و بەتایبەت لەم دوو مانگەدا.



عێراق.. لە خۆپیشاندانەکانی ناسرییە 40 خۆپیشاندەر بریندارببوون



بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار، 40 خۆپیشاندەر بریندارببوون لە نێویاندا ژمارەیەک قوتابی و مامۆستا هەن. دوێنێ یەکشەممە سەرچاوەیەکی پزیشکی لە نەخۆشخانەی گشتی ناسرییە ڕایگەیاند کە 40 خۆپیشاندەر بە برینداری هێنراون بۆ نەخۆشخانەکە کە لە میانی خۆپیشاندانەکانی دوێنێدا بەهۆی بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژەوە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، بریندارببوون. بە گوتەی سەرچاوەکە، لە نێو بریندارەکانیشدا، ژمارەیەک قوتابی و مامۆستا هەن.

هاوکات بەپێی ئەو زانیاریی شایەتحاڵەکان، خۆپیشاندەران گەمارۆی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیان داوە لە شاری ناسرییە و ڕێگەیان بە فەرمانبەران نەداوە بچنە سەر کارەکانیان. هەر لەوبارەوە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دیوانیییە ڕایگەیاند، دەیان خۆپیشاندەر، کارمەندانی ڕادیۆی دیوانییەیان ناچارکردووە کە پەخشی ڕادیۆکە ڕابگرن. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە کە خۆپیشاندەران بەهۆی ئەوەی سووکایەتییان پێدەکرێت، بۆیە پەخشی ڕادیۆکەیان ڕاگرتووە. هەر دوێنێ یەکشەممە دوو سەرچاوەی پزیشکی ڕایانگەیاند کە لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران لە عێراق، هەشت خۆپیشاندەر کوژراون. ڕۆژی شەممە، هێزە ئەمنییەکان هێرشیان بەکارهێنابوو بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران لەو پردانەی کە لە شاری بەغدا دەچنە ناوچەی سەوز و بەهۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر کوژران و بریندارببوون. سەرچاوەیەکی پزیشکی لە بەغدا ئاشکرای کردبوو کە ژمارەی کوژراوانی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی شەممە، لە شەش کەسەوە بەرزبووەتەوە بۆ حەوت کەس ژمارەی بریندارەکانیش گەیشتووەتە 90 کەس. هەروەها لە پارێزگای بەسرەش سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندێرێک دوای ئەوەی لە بەندەری ئوم قەسر بە سەختی بریندارببو، لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە. جێی باسە لە25 تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە جارێکی دیکە خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق دەستیپێکردەوە و بەپێی دوایین ئامار کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بڵاوکراوەتەوە، لە میانی خۆپیشاندانەکاندا تا ئێستا 301 کەس کوژراون و زیاتر لە 13 هەزار کەسی دیکەش لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.

ڕێککەوتنی سەدر لەگەڵ لایەنەکان بۆ مانەوەی حکوومەت ڕەتدەکرێتەوە



سالح محەمەد عێراقی نزیک لە سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕەتیکردەوە کە موقتەدا سەدر لەگەڵ هیچ لایەک ڕێککەوتبێت سەبارەت بە مانەوەی حکوومەتی ئێستا بەسەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی و ڕایدەگەیەنێت کە موقتەدا سەدر لەگەڵ خۆپیشاندەراندایە و پاڵپشتی لە داواکارییەکانیان دەکات.

سالح محەمەد عێراقی کە دەگوترێت ماوەی چەند ساڵێکە ڕوونکردنەوە و ڕاگەیاندراوەکانی موقتەدا سەدر بڵاودەکاتەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا هاتووە: دەنگۆ و بانگەشەی زۆر لە میدیاکاندا بڵاوکراونەتەوە لەوەی گوایە موقتەدا سەدر لەگەڵ سەرکردەی ڕێکخراوی بەدر، هادی عامری و ئێران ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی حکوومەتی ئێستا بەسەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی بمێنێتەوە، ئەو دەنگۆیانە هیچ بنەمایان نییە و دوورن لە ڕاستییەوە و تەنها بە ئامانجی چەواشکردنی ڕای گشتی بڵاوکراونەتەوە.

سالح محەمەد عێراقی ئاماژەی بە تویتەکەی ڕۆژی شەممەی سەدری داوە کە ڕایگەیاندبوو، بڕۆ ئەی گەندەڵکار و گوتی: ئەو تویتە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هێشتا موقتەدا سەدر لەگەڵ خۆپیشاندەرانە و پاڵپشتی لە داواکارییەکانیان دەکات بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی.


ناوبراو ئەوەشی گوتووە: بەسە بۆ ئێوە چی تر هەوڵی درۆ و چەواشەکاری بڵاومەکەنەوە، موقتەدا سەدریش لەگەڵ گەل دایە، با هەموو لایەک باش ئەوە بزانێت کە گەل و موقتەدا سەدر هەرگیز لە یەکتر جیانابنەوە. جێی باسە ڕۆژی شەممە هەندێک سەرچاوەی سیاسی و حکوومەتی عێراق ڕایانگەیاندبوو کە بەنێوەندگیری لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆکوەزیران بمێنێتەوە و دریژ بدات بەو چاکسازییانەی کە ڕایگەیاندووە.

خزمەتگوزاری ئینتەرنێت
لە چەند شارێکی عێراق گەڕاوەتەوە

دوای چەند ڕۆژێک لە ڕاگرتنی بەهۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت، بەڵام جارێکی دیکە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە ژمارەیەک شاری عێراق گەڕایەوە لەنێویاندا شاری بەغدا. ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایانگەیاند کە سەرەڕای بەردەوامی خۆپیشاندانەکان، بەڵام لە ئێستادا خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە ژمارەیەک شاری عێراق گەڕاوەتەوە و کار دەکات لەنێویاندا شاری بەغدا.

جێی باسە لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووەوە بەهۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی دژ بە حکوومەت، خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ڕاگیرابوو. ڕۆژی شەممەی ڕابردووش سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی هۆکاری ڕاگرتنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ ئەوە گەڕاندبووە کە لە ئێستادا بۆ هاندانی تووندوتیژی و پەکخستنی ژیانی گشتی بەکاردەهێندرێت.

ژمارەی ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق لە سێ کەسەوە بۆ شەش کەس زیادکرا



نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد، بڵاویکردەوە ژمارەی ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق لە سێ کەسەوە بۆ شەش کەس زیادکرا.

لە ڕاگەیەنراوەکەی نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد کە دوێنێ یەکشەممە بڵاوکرایەوە، هاتووە: ئەمڕۆ بەشیر حەداد نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بۆ زیادکردنی ئەندامانی لیژنەکە و بە هەوڵ و پشتگیریی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق توانرا ژمارەی ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور لە سێ کەسەوە بۆ شەش کەس زیادبکرێت.

نووسینگەی بەشیر حەداد ڕاشیگەیاندووە ئەمڕۆ ئەندامانی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور زیادکران، لەسەر داوای جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەوڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق توانرا ژمارەی ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور لە سێ کەسەوە بۆ شەش کەس زیادبکرێت.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکەی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بریتین لە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جوان ئیحسان، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان، یوسف محەمەد سادق و سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی، عەبدولباری مەجید مودەریس، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، جەمال کۆچەر و سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕێبوار هادی کە لە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

عێراق.. ژمارەی کوژراوانی خۆپیشاندانەکان گەیشتە 301 کەس



کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق دوایین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە تا ئێستا 301 کەس کوژراون و 15 هەزاری دیکەش بریندارببوون. گوتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، عەلی ئەکرەم بەیاتی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا تا ئێستا بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە 301 کوژراو و 15 هەزار بریندار.

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە، عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندان بووەتەوە، شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە یەکی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا دەستیپێکرد و ماوەی هەفتەیەک بەردەوام بوو، شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکانیش لە 25ی هەمان مانگ دەستیان پێکردەوە و بە بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکهەڵپڕژان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوودەدات. سەرەتا خۆپیشاندەران داوای باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕەخساندنی دەرفەتی کاریان دەکرد، بەڵام لەئێستادا، داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەکەن.

وەزارەتی بازرگانیی عێراق
چاکسازی لە بەشەخۆراکی مانگانەی هاوواڵتییان دەکات

دوێنێ یەکشەممە، وەزارەتی بازرگانیی عێراق لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، وەزارەتەکەی وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ خۆپیشاندەران، کۆمەڵێک چاکسازی دەکات. چاکسازییەکانیش بریتین لە:

- لەڕێی پرکردنەوەی فۆرمێکی ئینتەرنێتی، گەنجان دادەمەزرێنێت.
- بڕێکارەکانی دامەزراندنی کۆمپانیا لەلایەن گەنجان لەنێوان 18-35 ساڵی، ئاسانتر دەکات و لە بەشێک لە ڕسوماتەکان دەیانبوورێت.
- 800 پیکابی تۆیۆتا بە قیستی درێژخایەنی ئاسانکراو دەداتە بێ کاران.
- زیادکردنی بەشەخۆراکی مانگانەی هاوواڵتییان لە چاو ساڵانی ڕابردوو.

خاڵی کۆتایی جگە لە هاوواڵتییانی عێراق، هاوواڵتییانی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە و بەشە خۆراکیان زیاد دەبێت.

لە ڕۆژی 2019/10/2ـەوە، هاوواڵتییانی عێراق لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی ئەو واڵاتە دەستیان بە خۆپیشاندان دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری کردووە.

بەهۆی خۆپیشاندانەکان و کەوتنەوەی تووندوتیژی تێیاندا، زیاتر لە500 هاوواڵتی و کارمەندی ئەمنی گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە 12 هەزاری دیکەش بریندار بوون.



شێوازی جێگیربوونی سەربازانی ئەمەریکا لە سووریا دەگۆڕێت

سوپای ئەمەریکا لە کاتی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان لە نیوەی زیاتری ئەو بنکە سەربازییانە کشایەوە کە لە سووریا لێی جێگیر ببوو، بەڵام دواتر گەڕانەوە بەشێک لە بنکەکان و هەبوونی سەربازی خۆیشی لەو ناوچانەی کێڵگەی نەوتی لێن بەهێزتر دەکات.

ئەمەریکا لە ئەیلوولی2014 بە ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر رێکخراوی تیرۆریستی داعش هاتە ناو جەنگی ناوخۆیی سووریا کە لە 2011ەوە سەریهەڵداوە.

لەبەرامبەر زیادبوونی هەڕەشەکانی داعش، سوپای ئەمەریکا هێزەکانی سووریای دیموکراتی کە زۆرینەی لە شەڕڤانانی کورد پێکدێت، وەک هێزی وشکانی جێگیرکرد. ئەمەریکا جگە لە پرچەککردنی ئەو هێزە لە ئاسمانییشەوە پشتگیری لێ دەکرد، هێزەکانی ئەمەریکا بە دانانی بنکە و خاڵی سەربازی لەو ناوچانەی هێزەکانی سووریای دیموکرات ئازادی کردبوون، بوونی سەربازی خۆیان لە گۆڕەپانەکە خستەڕوو. سەرەڕای ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ پار رایگەیاندبوو کە دەیانەوێت سەربازانیان لە سووریا بکێشنەوە، بەڵام هێشتا بوونی سەربازی ئەمەریکا لەو وڵاتە بەردەوامە.

بەر لە ئەنجامدانی دەستدرێژییەکانی سوپای تورکیاو چەتەکانی سەر بەتورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان لە 9ی تشرینی یەکەم، هێزە وشکانییەکانی سوپای ئەمەریکا لەو خاڵ و بنکانەی لە سووریا بەکاریان دەهێنان بە تێکڕایی لە22 ناوچە دەردەکەوتن. بەمجۆرە نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئەمەریکی لە پێنج ناوچەی حەسەکە، چوار ناوچەی دێرازۆر، پێنج ناوچەی رەققە، پێنج ناوچەی کۆبانێ و سێ ناوچەی منبج جێگیربوون.

دوای دەستدرێژیکردنە سەر رۆژئاوای کوردستانیش ئەمەریکا بە تێکڕایی لە16 بنکە و خاڵی سەربازی کشایەوە. سەربازانی ئەمەریکا لە تەواوی بنکە و خاڵە سەربازییەکانیان لە رەققە، منبج و کۆبانێ کشانەوە. بەڵام لەو ناوچانەی دێرازۆر نەکشانەوە کە بە نەوت دەوڵەمەندن و ئەو بنکانەیشیان چۆڵ نەکرد کە دەکەونە کێڵگە نەوتییەکانی حەسەکە.

ئەو بنکە و خاڵە سەربازییانەی سوپای ئەمەریکا لێی کشانەوە:

ئەلوەزیر، تەل بەیدەر، سایلۆکانی ساباحولخەیر لە پارێزگای حەسەکە.

بنکە سەربازییەکان لە تەبەقە، هاویلهەوا، جەزرە، کارگەی شەکر و عەین عیسا لە پارێزگای رەققە. بنکە سەربازییەکانی خەراب ئشک، سەبیت، چەلەبییە، مەشتە نور و سرین لە قەزای کۆبانێ.

بنکە سەربازییەکانی سەعدییە، دادات و سایلۆکان لە منبج.

چەند رۆژێکیش بەر لەدەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە ئەمەریکا لە چوار خاڵی چاودێری کشابۆوە کە نزیک سنووری تورکیا بوون.

لەگەڵ وەستانی هێرشەکانی تورکیاش، ئەمەریکا بۆ شەش بنکە و خاڵی سەربازی گەڕایەوە

هاوکات لەگەڵ راوەستانی هێرشەکانی تورکیاش سەربازانی ئەمەریکا گەڕانەوە بەشێک لەو بنکە و خاڵانەی لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە چۆڵیان کردبوون. سەربازانی ئەمەریکی گەڕانەوە تەواوی ئەو بنکە و خاڵە سەربازییانەی لە پارێزگای حەسەکە جێیان هێشتبوون، هەروەها دیسانەوە لە بنکەی سەربازی سرین لە کۆبانێ جێگیربوونەوە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای وشکانی M4.

هەروەها ئەمەریکا دیسانەوە سەربازانی لە بنکەی جەزرە لە رەققە جێگیرکردەوە و ژمارەیەکی کەمی سەربازیشی ڕەوانە کردووە بۆ پاراستنی کارگەی شەکر کە تازە بونیاتنراوە.

پێشتر میدیاکان رایاگەیاندبوو کە ئەمەریکا دەستیکردووە بە دروستکردنی دوو بنکەی نوێ لە پارێزگای دێرازۆر. ئەمەریکا هەروەها 250 تا 300 سەربازی دیکە، زرێپۆش، چەکی قورس و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە کردووە. سوپای ئەمەریکا بەردەوامە لە گەڕانەکانی لەو کێڵگە نەوتییانەی لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە دەپارێزرێن.



کۆبانێ... یەپەگە و سوپای سووریا خۆیان بۆ هێرشی تورکیا ئامادە دەکەن

وەک ئامادەکارییەک بۆ هەر هێرشێکی تورکیا بۆ سەر کۆبانێ، وەک ئامادەکارییەک بۆ دانیشتووانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان نێستا لە دۆخێکدان کە متمانەیان بە هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی نییە، بەتایبەتیش پاش ئەوەی ئەمەریکا لە کۆبانێ کشایەوە، پێشتریش ئەزموونێکی ناخۆشیان لەگەڵ ڕووسیا لە عەفرین هەبووە، بۆیە ترسی ئەوەیان هەیە کە کۆبانێش بە دەردی "سەرێ کانی، گرێ سپی و عەفرین" بچێت و ببێتە قوربانیی ڕێککەوتنەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا یان تورکیا و ئەمەریکا. پێشتر شاهین ئەحمەد، سەرکردە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا ڕایگەیاندبوو، کۆبانێ یەکێکە لەو ناوچانەی ڕۆژئاوای کوردستان کە هێشتا هەڕەشەی لەسەر ماوە و لە سەر مێزی کڕین و فرۆشتنی نێوان یاریکەرەکانی سوورییە جا لە نێوان تورکیا و ڕووسیا بێت یان تورکیا و ئەمەریکا.

ڕۆژئاوای کوردستان... بۆ یەکەمجار ئەمەریکا تانکی ئەبرامز ڕەوانەی تەلتەمر دەکات



بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی ڕووسیا ئەلیەوم، ئەمە یەکەمین جارە ئەم جۆرە تانکانە دەبیندرێن کە بە ئاراستەی شاری تەلتەمر بەڕێکەوتوون. شایانی باسە دوای بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان، وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ژمارەیەک سەربازی دیکەی بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکان گەڕاندەوە ناوچەکە.

لە دوو سەعاتدا 10 بوومەلەرزە ئێرانی هەژاند

دوو ڕۆژ دوای بوومەلەرزە بەهێزەکە، بەڕەبەیانی دوێنێ یەکشەممە 10 بوومەلەرزەی دیکەی پارێزگای ئازربایجانی باکوری ڕۆژهەلاتی ئێرانی هەژاندەوە. ناوەندی تۆمارکردنی بولەمەرزەی زانکۆی تاران بڵاوی کردەوە؛ بەڕەبەیانی دوێنێ یەکشەممە لەماوەی دوو سەعاتدا 10 بوومەلەرزەی یەک لەدوای یەک ناوچەی تورکمانجای پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژهەلاتی هەژاند.

بەپێی داتاکانی ناوەندەکە، بەهێزترین بوومەلەرزە سەعات پێنج و چل و سێ خولەکی بەیانی بوو کە گوڕەکەی چوار و پۆینت هەشت پلە بە پێوەری ڕیختەر و بە قوواڵیی هەشت کیلۆمەتر بووە. جێی باسە ڕۆژی هەینی ڕابردوو بوومەلەرزەیەکی بەهێز ناوچەی میانەی پارێزگای ڕۆژهەلاتی لە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانی هەژاند و بەهۆیەوە شەش کەس گیانی لەدەستدا و زیاتر لە 700 کەسی دیکەش بریندار بوون و دەیان خانووی هاووڵاتیان ڕووخان.





فرۆکەی ڕووسی کەمپێکی ئاوارەی لە شاری ئیدلبی سووری بۆردومان کرد

ئەڵمانیا.. کۆمەڵەی جڤاکی کوردی یادی هەڵبەستقانی گەورەی کورد جگەرخوێنی بەرز ڕاگرت





ساسان دەروێش- ئەڵمانیا

کۆمەڵەی جڤاکی کوردی لە هەرێمی بەرلین براندنبورگ لە وڵاتی ئەڵمانیا، بۆ بەرز و پیرۆزڕاگرتن و وەبیرهێنانەوەی کەسایەتیی کورد و هەڵبەستقان جگەرخوێن، مەراسیمێکی شکۆداری ڕێککخست، کە ڕۆژی گرنگی لە پانتایی ئەدەبی کوردی و نەتەوەییماندا، ڕەنگدانەوەی هەیە، بەگەنجینەیەک لە بەرهەمەکانی، بە قەڵەم و بیری جوان و شۆڕشگێری، بووە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی هەر چوار پارچەی کوردستان و شیعرەکانی سنووری دەستکردەکانی کوردستانی تێپەڕاند و لە ڕێگای شیعرەکانی پەیامی کوردایەتی و شۆڕش و بەرخودانی بەگوێی دۆژمنانی کورد و کوردستان دەدا. مەراسیمەکە بە ئامادەبوونی بەشێک لە ڕەوەندی کوردی شاری بەرلین و دەوروبەری و نوێنەرانی کۆمەڵە و پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بەرلین بەڕێوەچوو، سەرەتا ئارمانج نێروەیی بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد و پاشان بەخولەکێک وەستان بۆ گیانی بەرزە فڕی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان بەرنامەی مەراسیمەکە دەستپێکرد. لە دوو تەوەردا، بەشی یەکەم: لە لایەن دکتۆر گوندی دلّباز و ڕۆژنامەنووس مەموشاهین بوو کە لەسەر ژیان و بەرهەم و خەباتی جگەرخوێن بە تێروتەسەلی لەسەری دوان، هەروەها باسیان لە بەشداربوونی جگەرخوێن کرد لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و چوونی بۆ باشووری کوردستان و پالّپشتیکردن لە باوکی ڕۆحی کورد مستەفا بارزانیی نەمر کردووە، هەروەها بەشی دووەم: لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی ڕۆژئاوای کوردستان و پرسی کورد لەبەردەم گۆڕانکارییەکان و لە کۆبێ داخوازییەکانی کوردا دەبێت و کورد دەبێت چی بکات کە گفتوگۆییەکی کراوە بوو لەلایەن هەریەک لە دکتۆر گوندی و ڕۆژنامەنووس مەموشاهین و ڕۆژنامەنووس ئارمانج نێروەیی و سیاسەتمەدار هاجی جندی و ڕۆژنامەنووس شەوقی کانەبی و دەرهێنەر جوان بوو، کە هەریەکەیان بیروبۆچوونی خۆی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و بە تێکڕا جەختیان لەوە کردەوە کە دەبێت گەلی کورد یەکگرتوو بێت و خاوەنی یەک وتاری سیاسی بێت لەبەردەم دەربازبوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و داوایان کرد هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە دەوری سەرۆک بارزانی کۆببنەوە بۆ گەڕانەوە و ڕێککەوتنامەی هەولێر و دهۆک و هەموو پالّپشتی یەکتربین، بەمەش قەوارەی سیاسیی کورد و کوردستان لە مەترسی ڕزگار دەکەین، هەر لە میانەی کۆڕەکەشدا حوسێن شاهین سەرۆکی جڤاکی وردی لە هەرێمەکانی بەرلین براندنبورگ بۆ خەبات گوتی: ئێمە سازێیکی جڤاکی نەو خزمەت بەڕەڤەندی وردی دەکەین، وەکو ئەرک و خەباتمان، بەبێ جیاوازی و دوور لە ئایدۆلۆژیای پارتایەتی بە تەنیا خزمەتی کورد و کوردستان پێشەنگی کارەکانمانە، بۆیەش مامۆستای گەورە جگەرخوێن لە بەرلین بەم کۆڕە ڕێزمان لە خەبات و بەرهەمەکانی گرت و هەروەها حوسین شاهۆیی لە درێژەی قسەکانیدا ئاشکرای کرد کە مامۆستا جگەرخوێن هاتووەتە مالّیان و لە نزیکەوە بینویانە و گوتی جگەرخوێن خزمەتێکی گەورەی بە گەلی کورد کردووە. بەشێک لە ژیانی جگەرخوێن کە لەنێو مەراسیمەکەدا تێشکی خرایەسەر: جگەرخوێن، ناوی خۆی شێخ مووس کوڕی حەسەن کوڕی موحەمەد و لە سالّی 1903 لە باکووری کوردستان لە گوندی حەسار نزیک ماردین لە دایکبووە. دایک و باوکی هەژار و دەربەدەر و بێ دەرەتان بوون و ئەوانیش وەک کوردانی تر، شوێنی باو و باپیری خۆیان بەجێهێشتووە و بەدوای گوزەرانا لە گوندی پێکەندییەوە ڕوویان کردبووە حەسار، شێخ مووس هێشتا منداڵ بوو کە باوکی مالّئاوایی لە ژیان کرد، لەبەر دەستی ئاسیای خوشکیدا گەورە بوو. لەپێناو پارووبەک ناندا ناچار دەبێت شوانی و گاوانێتی بکات، سالّی 1914 یازدە سالّی تەمەن بوو کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستپێکرد. بە دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ دایکی و براکەی خوشکەکەی لە حەسار هەڵدێن و دەچنە گوندی عاموودە. هەر ئەو سالّە لە عاموودە دایکی مالّئاوایی لە ژیان دەکات و بە تەواوەتی شێخ مووس و خوشک و براکەی بە تەنها دەمێننەوە. جگەرخوێن لە منداڵیدا عاشقی خوێندن بوو، بەڵام دۆخی نالەباری ژیان و دەستکورتی بنەماڵە بوو بە لەمپەر لەبەردەم جگەرخوێندا بەوەی بخوێنێت .سەرەنجام ڕوو دەکاتە مزگەوت و خوێندنی باوی ئەو سەردەم دەخوێنێت .لە چەند گوند دەبێتە مەلا، بەڵام دواتر واز لە مەلایەتی دێنێت و ڕوو دەکاتە کاری کشتوکاڵ. پاشان ڕوو دەکاتە کاری ئەدەب و سیاسەت و لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیدا بەشدار دەکات. شیعری جگەرخوێن شیعرێکی سیاسییە کە هەوڵ دەدات گوتاری یەکسانیخوازی، گوتاری نەتەوەخوازی و گوتاری دژە داگیرکاری لە شیعرەکانیدا بڵاو بکاتەوە. شیعرە بە لای جگەرخوێنەوە هەوڵ دانە بڵاوکردنەوەی هەستی ئازادیخوازی، بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و پالّپشتیکردن لە بارزانیی نەمر لە سالّی 1969 ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و لە سالّی 1973 بەرەو لوبنان دەچێت، لە سالّی 1979 بە ناچاری ڕوو دەکاتە وڵاتی سوید و لەوێ وەک پەناهەندەیەک دەگیرسێتەوە و بە نووسین سەرقاڵ دەبێت و خاوەنی زیاتر لە هەشت دیوانی شیعر و ڕۆمان و فەرهەنگ و نووسینی سیاسی و ڕۆشنبیریە، بەداخەوە ئەم دەنگە ئاشنایەی ئەدەبی کوردی، ئەم چالاکە سیاسییە، ڕۆژی 22ی ئۆکتۆبەری1984 لە وڵاتی سوید بۆ هەمیشە مالّئاوایی لە ژیان کرد و ئەو ڕۆژەی تەرمەکەی گەڕایەوە کوردستان و لە قامیشلی پیشوازییەکی بێ وێنەکرا و بە خاکی کوردستان سپێردرا.

بۆ گۆڕینی نەخشەی دیمۆگرافییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕاپۆرتێکی فۆرین پۆلیسی پلانی ئەردۆغان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرا دەکات



K24: هەفتەنامەی "فۆرین پۆلیسی" لە ڕاپۆرتێکدا جەخت دەکاتەوە، پلانەکانی تورکیا لە سووریا، بەشێکن لە هەوڵە درێژخایەنەکانیان بۆ گۆڕینی نەخشەی دیمۆگرافی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە سەرەتای داڕشتنی ئەو سیاسەتە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، "یەکێک لە هۆکارەکانی ئیدانەکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا "ڕۆژئاوای کوردستان" لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە، لەبەر ئەو پلانەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە، کە دەیەوێت لە ڕێگەی سیاسەتی بەزۆر ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی بەکارهێنێت، ئەمەش لە ملیۆنێک تا 2 ملیۆن لەو پەنابەرانەی سووریا کە ئێستا لە تورکیا دەژین، لە ناوچەکانی سەر سنووری تورکیا، دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕێت". ڕاپۆرتەکە دووپاتیش دەکاتەوە "ئەوانەی ڕەخنە لە ئەردۆغان دەگرن بەوە تۆمەتباری دەکەن کە "ئەندازیاری دیمۆگرافی" وەک سیاسەتێک بۆ گۆڕینی نەخشەی ڕەسەن کوردەوە کە دەبێت گەلی کورد یەکگرتوو بێت و خاوەنی یەک وتاری سیاسی بێت لەبەردەم دەربازبوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و داوایان کرد هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە دەوری سەرۆک بارزانی کۆببنەوە بۆ گەڕانەوە و ڕێککەوتنامەی هەولێر و دهۆک و هەموو پالّپشتی یەکتربین، بەمەش قەوارەی سیاسیی کورد و کوردستان لە مەترسی ڕزگار دەکەین، هەر لە میانەی کۆڕەکەشدا حوسێن شاهین سەرۆکی جڤاکی وردی لە هەرێمەکانی بەرلین براندنبورگ بۆ خەبات گوتی: ئێمە سازێیکی جڤاکی نەو خزمەت بەڕەڤەندی وردی دەکەین، وەکو ئەرک و خەباتمان، بەبێ جیاوازی و دوور لە ئایدۆلۆژیای پارتایەتی بە تەنیا خزمەتی کورد و کوردستان پێشەنگی کارەکانمانە، بۆیەش مامۆستای گەورە جگەرخوێن لە بەرلین بەم کۆڕە ڕێزمان لە خەبات و بەرهەمەکانی گرت و هەروەها حوسین شاهۆیی لە درێژەی قسەکانیدا ئاشکرای کرد کە مامۆستا جگەرخوێن هاتووەتە مالّیان و لە نزیکەوە بینویانە و گوتی جگەرخوێن خزمەتێکی گەورەی بە گەلی کورد کردووە. بەشێک لە ژیانی جگەرخوێن کە لەنێو مەراسیمەکەدا تێشکی خرایەسەر: جگەرخوێن، ناوی خۆی شێخ مووس کوڕی حەسەن کوڕی موحەمەد و لە سالّی 1903 لە باکووری کوردستان لە گوندی حەسار نزیک ماردین لە دایکبووە. دایک و باوکی هەژار و دەربەدەر و بێ دەرەتان بوون و ئەوانیش وەک کوردانی تر، شوێنی باو و باپیری خۆیان بەجێهێشتووە و بەدوای گوزەرانا لە گوندی پێکەندییەوە ڕوویان کردبووە حەسار، شێخ مووس هێشتا منداڵ بوو کە باوکی مالّئاوایی لە ژیان کرد، لەبەر دەستی ئاسیای خوشکیدا گەورە بوو. لەپێناو پارووبەک ناندا ناچار دەبێت شوانی و گاوانێتی بکات، سالّی 1914 یازدە سالّی تەمەن بوو کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستپێکرد. بە دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ دایکی و براکەی خوشکەکەی لە حەسار هەڵدێن و دەچنە گوندی عاموودە. هەر ئەو سالّە لە عاموودە دایکی مالّئاوایی لە ژیان دەکات و بە تەواوەتی شێخ مووس و خوشک و براکەی بە تەنها دەمێننەوە. جگەرخوێن لە منداڵیدا عاشقی خوێندن بوو، بەڵام دۆخی نالەباری ژیان و دەستکورتی بنەماڵە بوو بە لەمپەر لەبەردەم جگەرخوێندا بەوەی بخوێنێت .سەرەنجام ڕوو دەکاتە مزگەوت و خوێندنی باوی ئەو سەردەم دەخوێنێت .لە چەند گوند دەبێتە مەلا، بەڵام دواتر واز لە مەلایەتی دێنێت و ڕوو دەکاتە کاری کشتوکاڵ. پاشان ڕوو دەکاتە کاری ئەدەب و سیاسەت و لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیدا بەشدار دەکات. شیعری جگەرخوێن شیعرێکی سیاسییە کە هەوڵ دەدات گوتاری یەکسانیخوازی، گوتاری نەتەوەخوازی و گوتاری دژە داگیرکاری لە شیعرەکانیدا بڵاو بکاتەوە. شیعرە بە لای جگەرخوێنەوە هەوڵ دانە بڵاوکردنەوەی هەستی ئازادیخوازی، بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و پالّپشتیکردن لە بارزانیی نەمر لە سالّی 1969 ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و لە سالّی 1973 بەرەو لوبنان دەچێت، لە سالّی 1979 بە ناچاری ڕوو دەکاتە وڵاتی سوید و لەوێ وەک پەناهەندەیەک دەگیرسێتەوە و بە نووسین سەرقاڵ دەبێت و خاوەنی زیاتر لە هەشت دیوانی شیعر و ڕۆمان و فەرهەنگ و نووسینی سیاسی و ڕۆشنبیریە، بەداخەوە ئەم دەنگە ئاشنایەی ئەدەبی کوردی، ئەم چالاکە سیاسییە، ڕۆژی 22ی ئۆکتۆبەری1984 لە وڵاتی سوید بۆ هەمیشە مالّئاوایی لە ژیان کرد و ئەو ڕۆژەی تەرمەکەی گەڕایەوە کوردستان و لە قامیشلی پیشوازییەکی بێ وێنەکرا و بە خاکی کوردستان سپێردرا.

سبەی تەرمپ ناوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی دیکەی لەگەڵ زێلێنسکی بڵاودەکاتەوە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالّد تەرمپ ڕایگەیاند سبەی سێشەممە ناوەڕۆکی دووەمین پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی ئۆکراینا، قلۆدۆمیر زێلێنسکی بڵاودەکاتەوە کە بەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ لەکارلادانی ناوبراو کراوەتەوە. تەرمپ بەر لە بەڕێکەوتنی بەرەو ئەلاباما لە بنکەی ئاسمانیJoint Base Andrews بە میدیاکارانی ڕاگەیاند: داوای ناوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی دیکە دەکەن. ئامادەم پێیان بدەم. چونکە دووشەممە پشووە ئەگەری زۆرە سێشەممە کۆڕکی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەتان پێبدەین.

تەرمپ تیشکی خستە سەر ئەوەی یەکەم پەیوەندی تەلەفۆنی لە نیساندا و دووەمینیشی لە تەموزدا لەگەڵ زێلێنسکی ئەنجام داوە و گوتی: ناوەڕۆکی دووەمین پەیوەندی تەلەفۆنیش بخوێننەوە پێم باشترە کۆشکی سپی ناوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی مانگی تەموزی نیشان تەرمپ و زێلێنسکی بڵاوکردبۆوە و ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەش کە چاوەڕێ دەکرێت سێشەممە بڵاوبکرێتەوە، هی مانگی نیسانە. یەکەین دانیشتن لە میانی لێکۆڵینەوە بۆ لەکارلادانی تەرمپ بە شێوەیەکی ئاشکرا، چوارشەممەی داهاتوو دەست پێدەکات. لەلایەکی دیکەوە کۆماریيەکان داوا دەکەن وەک گەواهیدەر گوێ لە کۆڕی جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا و کاندیدی بەرایی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە 2020 جۆ بایدن، هەنتەر بایدن و ئەو پەیامنێرەی کە هێشتا ناسنامەکەی ئاشکرا نەکراوە و ڕەخنەی لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان گرتووە، بگیرێت.

لێکۆڵینەوەکان لە پێناو لەکار لادانی تەرمپ

پەیوەندییە تەلەفۆنییە مشتومڕاوییەکەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالّد تەرمپ و سەرۆکی ئۆکراینا، قلۆدۆمیر زێلێنسکی ، بووە هۆی ئەوەی دیموکراتەکانی کۆنگرێس لێکۆڵینەوە بە مەبەستی لەسەر کار لادانی تەرمپ دەست پێ بکەن. بانگەشەی ئەوەکرابوو تەرمپ لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، داوای لە ئۆکراینا کردووە لە کۆڕی کاندیدی بەرایی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2020 جۆ بایدن بکۆڵێتەوە. لەبەرامبەردا تەرمپ داکۆکی لەوەکردبوو کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ زێلێنسکییەتەواوەتی لەگەڵ پرەنسیپەکاندا گونجاو بووە. لە ژمارەیەک هەواڵیشدا کە لە میدیای ئەمەریکادا بڵاوکرابوونەوە، بانگەشەی ئەوە کرابوو تەرمپ بە سەرۆکی ئۆکراینای گوتووە تەنها ئەگەر بێت و لە بایدن و خانەوادەکەی بکۆڵێتەوە، هاوکاریی وڵاتەکەی دەکات و دیموکراتەکانیش لەسەر بنەمای ئەم بانگەشانە دەستیان بە لێکۆڵینەوەی لەسەر کار لادانی سەرۆکی وڵاتەکەیان کردبوو. لای خۆشییەوە تەرمپ ڕایگەیاندبوو، بەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ ئۆکراینا کە بڕەکەی400 ملیۆن دۆلارە، هەڵپەسێردراون.

ئەڵمانیا یادی 30 ساڵەی ڕووخانی دیواری بەرلین دەکاتەوە

ئەنگێلا میرکڵ: هیچ دیوارێک هەرچەند بەرز بێت ناتوانێت ئازادییەکانی خەڵک کۆتوبەند بکات



دەنگی ئەمەریکا: ڕۆژی شەممە ئەڵمانیا یادی 30 ساڵەی ڕوخانی دیواری بەرلینی کردەوە، ساتەوەختێکی گرنگ لەو ڕووداوانەی کە کۆمۆنیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا داگرت. ڕێبەرانی ئەڵمانیا، پۆڵۆنیا، هەنگاریا، سلۆڤاکیا و کۆماری چیک لەو ڕێوڕەسمەی برناوەر شتراسا بەشداریان کرد کە بەشێکی پاشماوەی دیوارەکەی بەرلینیی لێ ماوە. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگێلا میرکڵ گوتی: دیواری بەرلین میرۆوە ئەمە فێرمان دەکات کە هیچ دیوارێک ناتوانێت ئازادییەکانی خەڵکی کۆتوبەند بکات جا گرنگ نییە چەندێک بەرز و بەرین بێت.

هەر بەبۆنەی یادی ئەوە ڕۆژەوە پەیکەرێکی نوێی 40هەمین سەرۆکی ئەمەریکا ڕانۆڵد ڕەیگن لە بەردەم بالّیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەرلین دانرا. دیواری بەرلین لە سەردەمی سەرۆکی ئەمەریکا ڕانۆڵد ڕەیگن لە 9ی مانگی 11ی سالّی 1989 ڕووخێندرا. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپەیۆ ڕۆژی هەینی لە ڕێوڕەسمی گەیشتنی پەیکەرەکە ئاماده بوو. ئەو پەیکەرە گوزارشت لە گوتارەکەی سەرۆک ڕەیگن دەکات لە سالّی1987 کە تیایدا فشار دەخاتە سەر سەرۆکی سۆڤیەتی ئەو کاتە میخائیل گورباشێڤ بۆ " شکاندنی ئەو دیوارە."

دوو ساڵ پاش ئەوەی دیوارەکە ڕووخێندرا پاش ڕاگەیاندنێکی چاوەڕوان نەکراوی کاربەدەستانی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا کە گوتیان ئێتر ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەڵمانیا دەتوانن بڕۆن بۆ ڕۆژئاوا. خەڵکی بەرلین دەستبەجێ چەکوشیان هەڵگرت و ڕووبان کردە دیوارەکە بۆ شکاندنی ئەو بەربەستە و خۆیان دیوارەکەیان بە دەستی خۆیان شکاند.

هەولێر.. پێشانگایەک بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکان کرایەوە



پێشانگای بەرهەمە ناوخۆییەکانی کشتوکاڵ کرایەوە و چەندین بەرهەمی جیاواز تێیدا نمایش کران و ماوەی دوو رۆژ دەخایەنێت.
لە چوارچێوەی بەبازارکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکان، دوێنێ یەکشەممە چەندین جوتیاری هەڵەبجە پێشانگای بەرهەمە ناوخۆییەکانیان لەبەردەم پارکی شانەدەر لە هەولێر کردەوە و ماوەی دوو رۆژ بەردەوام دەبێت، هاوواڵاتیانی شاری هەولێریش بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریان لە پێشانگایەکە کردووە بە مەبەستی کڕینی بەرهەمە خۆماڵییەکان. لەو پێشانگایەدا چەندین جۆر میوەی وەک تری، هەنار، خەیار، و چەندین جۆر هەنگوین، چای، زەنجەفیل، زەردەچەوە و برنج نمایشکراون.
یەکێک لە جوتیارەکان بەناوی ئازاد محەمەد گوتی: لەم پێشانگایەدا چەندین میوەمان نمایشکردووە، و مەبەستمان ئەوەیە کە بەرهەمی ناوخۆیی نیشان بدەین و لە هەمانکاتدا داوا لە حکوومەت دەکەین بەبازاڕکردنمان بۆ بکات.
گوتیشی: پارێزگاری هەولێر شوێنەکەی بۆ دابینکردین و خەڵکی ئەم شارەش تا بەیانی هاوکاریان کردووین، بۆیە ئەمشەویش لێرە دەمێنینەوە و بەیانیش نمایشەکە بەردەوام دەبێت.

شایەنی باسە، رۆژی2019/10/16 لەمیانی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەند تەوەرێک خرانە بەر باس و گفتوگۆ کە یەکێک لە تەوەرەکان کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی پێدا، گرنگیدان بوو بە کەرتی کشتوکاڵ و رایگەیاند کە یەکێکە لە ئەرکە لەپێشینەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە پێویستە کار لەسەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بکەن و هەوڵبدن بەدن بازاڕ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و بازرگانی هەولێر:
جۆرەئاردێکی مەترسیدار دەستی بەسەردا گیرا



بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و بازرگانی هەولێر بڵاوی کردەوە کە کۆگایەکی ئارد لە ناو کۆگاکانی گومرگی سەوزە و میوەی هەولێر داخرا. بەڕێوەبەرایەتییەکە راشیدەگەیەنێت کە بڕی 200 تۆن ئاردی هەبوو کە تەواوی ئەو ئاردە ئەسپێ لێی دابوو و بەشێوەی ناتەندروست بەکۆگا کرابوو، کە بەکەڵکی خواردن نەدەهات.
بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و بازرگانی هەولێر دەشڵێت: کاردانەوەی یاسایی بەرامبەر شوێنەکە دەگرێتەبەر ئینجا شوێنەکەی دەکرێتەوە.

بەڕێرسی لقی 16: مامۆستایان هەمیشە پێشەنگ بوونە لەپێشخستنی رەوڕەوەی زانست و زانیاری



لەبەردەوامی کارو چالاکیەکانیدا بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بەچین و تونژە جیاجیاکانی سنوورەکە و هەوڵدان بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگا، لە هۆڵی بۆنەکانی لقی 16ی هەولێر لەژێر چاودێری بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەئامادەبوونی کارگێڕانی لق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی پەروەردەیی سنوورەکە لێژنە ناوچەی زانستی مامۆستایان خولی رۆشنبیری پێشکەوتنی کردەوە کە تیایدا 80 کادیری سنوورەکە بەشدارن.
لەدەسپێکی مەراسیمی کردنەوەی خولەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئاماژەی بە رۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی مامۆستایان کرد کە هەمیشە پێشەنگ بوونە لە پێگەیاندنی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتەکەمان و پێشکەوتنی رەوڕەوەی زانست و زانیاری لە کوردستان، بۆیە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بەتونژی مامۆستایان و پێشخستنی کەرتی پەروەردە و خوێندن هەرچی لە توانادابێت خزمەت بەتونژی مامۆستایانی کوردستان بکەین.
دواتر بڵند ئیسماعیل یەکەم وانەی خولەکەی پێشکەش بە بەشداربووانی خولەکە کرد و داوای لە مامۆستایانی بەشداربوو کرد لە ماوەی بەڕێوەچوونی خولەکەدا ئەو زانست و زانیاریانەی لێوەی سوودمەند دەبن لە ژیانی رۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن بۆ ئەوەی لە رێگەیانەوە خزمەتی زیاتر بەکەرتی پەروەردە و خوێندن بکە .

پرسەو سەرەخۆشی

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو حیکمەت مەلا کەریم
بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ و کادیری تێکۆشەر، خوالێخۆشبوو (حیکمەت مەلا کەریم خەیلانی)مان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون
مەکتەبی سیاسی

دوو ئەفسەر گیانێ خوە ژ دەست ددەن و چار پێشمەرگە ژی بریندار دبن

خەبات/ شیراز چاربوتی

ئیڤاریا دوێنێ ل لیوا 12قەزایا بەردەرش د ئەنجاما شەردەقەکێ ل ناڤ یەکەیا 70یا سەر ب وەزارەتا پێشمەرگەیڤە دوو ئەفسەر ب پلەیا رائیدو نەقیب دەستبجێ گیانێ خو ل دەست ددەن و چار پێشمەرگە ژی بریندار دبن و دهێنە رەوانەکرن بو نەخوشخانا تەنگاڤیا ل پاریزگەها دهوک بو جارەسەریێ، تێ زانین ئەڤ شەرە ل سەر ئالوگورا پوستان هاتیە کرن کەسێ تاوانا کوشتنێ ئەنجامدای ل جهێ بویەرێ هەلهاتیە بو جهەکێ نەدیار.

بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلێکی حکوومی دوو کەس بوونە قوربانی



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند: بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلێکی حکومیەوە دوو کەس بریندار بوون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: کاتژمێر 1:40خولەکی دوای نیوەڕۆی دوێنێ یەکشەمە لە سنووری ناحیەی مەیدان لەسەر ڕێگای (سەرتەک بۆ دەربەندیخان) نزیک گوندی ژاڵەنا ، ئۆتۆمبیلێکی حکومی لە جۆری (نیسان پیک اب دەبڵێ سەر بە وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار) وەرگەڕاو بەهۆیەوە دوو کەس بریندار بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەربەندیخان کران بۆ وەرگرتنی چارەسەر .

هەولێر.. سێ کۆگای گەورەی خۆراکی ماوەبەسەرچوو دەستیان بەسەردا گیرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

دوای کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێری کردن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی رێکخراو سەر بە ئاژانسی پاراستن قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر بەهاوکاری بەشی پۆلیسی شارەوانی تواندا دەست بگیرێت بەسەر 3کۆگای گەورەی خۆراک لە کۆگاکانی سەر رێگای هەولێر- گوێر، ئەم کۆگایانە بریتین لەبەکۆگاکردنی خۆراک و خواردنی جۆراوجۆر و پاککەرەوە، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان سەرجەم ئەو خۆراک و خواردنەوانە ماوەیان بەسەرچووە بەڵام لەڕێگای تێکردنەوە و گۆڕینی رێکەوتی تازە ئامادەکراون و رەوانەی بازاڕەکان کراون، چەند کرێکارێک دانیان ناوە بەو ڕاستیانە، رێکاری یاسایی گیرایە بەر لەسەر ئەم کەیسە 3کەس دەست بەسەرکراون و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ رێکخرا و رەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کران.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان 200 مامۆستای گرێبەست لە کەرکووک دەکات بە هەمیشەیی

گوتیشی: هەروەها ئێمە داوامان کردووە کە مامۆستایانی وانەبێژیش بەشێوەی گرێبەست دابمەزرێن، یاخود هەمیشەیی، چونکە ئێمە سوودی زۆرمان لەو مامۆستایانە بینیوە و بۆشاییەکانیان لە بەشە وانەکان لە قوتابخانەکاندا پڕ کردووەتەوە .

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا مامۆستایانی گرێبەست بکات بە هەمیشەیی و ئەو بڕیارەش مامۆستایانی خوێندنی کوردی کەرکووکیش دەگرێتەوە.
شێرزاد رەشید، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک ڕایگەیاند: ئەو بڕیارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەرکووکیش دەگرێتەوە و بڕیارە200 مامۆستا لە کەرکووک کە بەشێوەی گرێبەست لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دامەزراون، ئەوانیش بکرێن بە هەمیشەیی.

کەرکووک.. بڕیاری ڕووخاندنی خانووی هاوواڵاتییانی کورد



بەیانی دوێنێ یەکشەمە 10/11/2019هێزێک لە پۆلیسی فیدراڵی عێراق چوونەتە سەر گوندەکە بەمەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری پاریزگاری ناشەرعی کەرکوک لەسەر ڕووخاندنی خانووەکانی گوندەکە.
هەروەها تەواوی دانیشتوانی گوندەکە کوردن و نییەتی پاریزگاریش لەو بڕیارە ئەوەیە دەیانەوێت عەرەبی هاورده بخەنە شوێنیان.
دانیشتوویەکی گوندەکە دەڵێ: لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی عێراقەوە بەر لەمانگێک ئاگادار کراینەوە کەگوندەکە جێبهێڵین بەیانی ئەمڕۆش هێزەکە هاتوون و ئامادەکارییان دەستپێکردووە بەمەبەستی ڕووخاندنی خانووەکانمان.
هەروەها وتیشی بڕیارەکەیان سیاسییە و ئێمە لەساڵی 1970 لەو گوندەین و تەواوی دانیشتوانی گوندیش کوردن و دەیانەوێت عەرەبی هاوردە لەشوێنی ئێمە نیشتەجێ بکەن و جۆرێکی نوێیە لە تەعەریب و بەبڕیاری ڕاکان جبوری پاریزگاری کەرکوک لەسنوری کەرکوک دەستی پێکردووە.

دوو کەس بە بڕێک پارەی ساختەوە دەستگیرکران



هەزار دیناری ساختەیان ساغ کردووەتەوە و بەم شێوەیەش ساختەکاریان بەرامبەر هاوڵاتیان و کاسبکاران ئەنجامداوە.
لەئێستادا بەبڕیاری دادوەر بەپێی مادەی 280 لە یاسای سزادانی عێراقی بەندکراون و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر دۆسیەکەیان بەردەوامە.
دەشڵێت: هەربۆیە داوا لە هاوواڵاتیانی سنووری چەمچەماڵ و دەوروبەری دەکەین هەرکەسێک پارەی تەزویری وەرگرتووە باسەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی بکات لە چەمچەماڵ بەمەبەستی تۆمارکردنی سکاڵاکانیان.

سەر لەبەیانی دوێنێ لەبازگەی بانی مەقان لەلایەن کارمەندانی بازگەکەوە 2 کەس دەستگیرکران کە ئۆتۆمبێلێکی سەنی تەکسیان پێبووە و بڕی 225 هەزار دیناری عێراقیان پێبووە کەسەرجەمیان 25 هەزاری ساختە بوون و هەروەها بڕی 300 دۆلاری ئەمریکی ساختەشیان پێبووە و ویستویانە لەمارکێتەکان و بازاڕی چەمچەماڵ ساغی بکەنەوە.
ڕاشیگەیاندووە: بەپێی زانیارییەکانی ئاسایشیش سەردانی چەند مارکێتێکیان کردووە و لە هەر یەکێکیان25 مالان.
راشیدەگەیەنن: لەئێستادا سەرجەم تۆمەتباران بەفەرمانی 446 لەیاسای سزادانی عیراقی دادوەر و بەپێی مادەی ڕاگیراون.

پۆلیسی سلێمانی: 24 تۆمەتبار بە تاوانی ئەنجامدانی دزی دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاوی کردەوە، کەتیمەکانی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لەڕۆژی 2019/10/23 تا 2019 /11/8، 24 تۆمەتباریان دەستگیرکرد کە تۆمەتباران هەستاون بە تاوانی دزیی جۆراوجۆر، بەمشێوەیە:
ـ تۆمەتبارێک دەستگیرکراوە کە هەستاوە بەدزینی سندوقی پارەی مزگەوت و تۆمەتباریش پێشینەی هەبووەو چەند جارێک لەسەر تاوانی دزیکردن دەستگیرکراوە .
ـ 2تۆمەتبار دەستگیرکراون کە هەستاون بەدزینی سەرە مەنهۆڵ لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی.
ـ 5تۆمەتبار دەستگیرکراون کە ویستویانە ئۆتۆمبیلێک بدزن بەڵام دواتر کەلوپەلی ناو ئۆتۆمبێلەکەیان دزیوە.
16 تۆمەتباری تر دەستگیرکراون کە دزی جۆراوجۆریان کردووە وەک دزینی پارە و مۆبایل و دزیکردن لەسۆپەرمارکێت و

میدیای کوردی لەنێوان ئازادی ڕەها و ئازادی سنووردارا



ڕاپۆرت: پەریها عومەر

ئایا میدیا پێویستی بە ئازادییەکی ڕەها هەیە یان سنووردار؟ ئایا تا چەند بەرپرسیاریەتی لە کاری میدیاییدا لەبەرچاو دەگیرێت و میدیاکاران هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن لە کارەکانیان؟ میدیای کوردی لەکوێی ئەو ئازادییەدایە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان کردووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕای جیاواز هەیە.

د. سادق حەمە غەریب سەرگەتی دەڵێت: ئازادی ڕۆژنامەگەری بوونی نەبووە تا دەرکەوتنی سیماکانی تیۆری لیبرالی و ئازادی ڕاگەیاندن بە دیاریکراویش هەردوو چەرخی حەڤدەهەم و نۆزدەهەمی زایینی، لە پاش گەلالەبوونی بنەماکانی ئازادی بلاوکردنەوەو بیروڕا لە لایەن کۆمەڵێک زانا و ڕۆشنبیر، لە دیارترینیان بیریارو ئەدیب و شاعیری بەریتانی(جون میلتون)(1608-1674)، کە ساڵی 1664، نووسیویەتی: ئازادی بلاوکردنەوە بە هەر جۆرە شێوەو ئامرازێک، لە لایەن هەر کەسێکەوە بیروباوەڕو ئایدیای هەرچی بێت، مافێکی سروشتی هەموو تاکێکە، ناتوانین ڕێگری لە ئازادی هیچ کەسێک بکەین بە هیچ شێوەو پاساوێک.

د. سادق حەمە غەریب گوتیشی: ئازادی ڕەهای ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی (تیۆری لیبرالی)دا لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێش چوونی کارو پیشەو ئەرکی ڕۆژنامەگەری و هەڵگشانی ئاستی کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە، بەڵام ئەم جۆرە ئازادیەی ڕاگەیاندن باوەری وایە کە نابێت بلاوکردنەوە هیچ جۆرە سانسۆرێکی لەسەربێت و پێویستە هەموو کەس و گرووپ و کۆمەڵەیک بە بێ مۆڵەت وەرگرتن لە دەسەڵات و حکوومەت مافی بڵاوکردنەوەیان هەبێت، هاوکاتیش پێویستە ڕەخنە گرتن لە حکومەت، حیزبی سیاسی ،بەرپرسی فەرمی ،لە ڕۆژنامەگەریدا سزادان و لێپێچینەوەی بەدواوە نەبێت، تەنانەت دوای بڵاوکردنەوەش، لەوەش مەترسیدارتر بریتییە لە نەبوونی هیچ جۆرە سنووردارکردنێکی یاسایی بۆ هەموو ئەو زانیارییانەی کە میدیا بڵاویان دەکاتەوە، ئەمەش وایکرد کە ڕاگەیاندن ببێت بە ئامرازێکی پڕوپاگەندە، هەر وەک ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانی دووهەم کە هۆکاریکی سەرەکی پەردەسەندنی ململانێ و دوژمنکاری ئایدیۆلۆجی سەختی نێوان وڵاتەکان بوو بۆ هەژموون دروست کردن و داگیرکاری و پاوانخوازی زیاتر، بۆیە ئەو ئازادیە پێویستە بە یاسا ڕێک بخرێت و، میدیا لەچوارچێوەی ئیتیکی ڕۆژنامەگەریدا ئەرکی خۆی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەت بە تاکەکانی کۆمەڵگە بکات، لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانین بڵێین، کە ڕاگەیاندن پێویستی بە ڕێکخستن هەیەو، ئازادی ڕەها لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی دوری دەخاتەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی تا چەند بەرپرسیاریەتی لە کاری میدیاییدا لەبەرچاو دەگیرێت؟ د. سادق گوتی: بەرپرسیاریتی بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ڕەوشتی ڕاگەیاندن ئەژمار دەکرێت، ڕاگەیاندنی نابەرپرسیار گەلێکی ناهۆشیارو نابەرپرسیار بەرهەم دەهێنێت، میدیا پێویستە بەرپرسیارانە کارو ئەرکەکانی ئەنجام بدات، چونکە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن تاکە گرەنتی پابەند کردنیەتی بە کاری پیشەییەوە، بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرک، کە ڕاگەیاندن پابەند دەکات بە ئەنجامدانیان لە بەرانبەر کۆمەڵگەدا لە سەرجەم بواره کانی وەک: سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی ،ڕۆشنبیری و...هتد، لە چارەسەرکردنی ئاریشەکانی ئەو بوارانەدا بەهاکانی پیشەیی وەک: وردبوون ،بابەتی بوون، هاوسەنگی و گشتگیری پەیڕەو دەکات، بەو مەرجەی کە ئازادی ڕاستەقینە بۆ ڕۆژنامەگەری دەستەبەر کرابێت و بەرپرسیاری بکات لە بەرانبەر یاساو کۆمەڵگەدا.

ڕۆژنامەنووس هێرش قادر لە کەناڵی ئێن ئار تی دەڵێت: میدیا پێویستی بە ئازادی ڕەها هەیە، بەڵام پێویستە میدیاکەش مامەڵەکردنیکی دروست بکات لەگەڵ ئەو ئازادییە و نەبێتە هۆکاری کاریگەری خراپ لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و ڕێز لە بەها پیرۆزەکانیش بگیرێت بە هەبوونی چەند هێڵێک، هەموو دەزگایەکی میدیایی پێویستە بەرپرسیارێتی لەبەرچاو بگرێت بە پێی ئاست و دۆخی ڕووداوەکان و وڵاتەکە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان میدیای کوردی کەمتر بەرپرسیارێتی لەبەرچاو گرتووە و زۆر میدیاش هەیە خۆی لێدەدزێتەوە، هەندێک جاریش هەیە بە ئاشکرا هەست دەکەی کە کارە میدیاییەکە هیچ بەرپرسیارێتیەکی تیا نییە.

پەروەر سەدیق پرۆدیۆسەری هەواڵەکانی سیاسی لە کوردستان تی ڤی دەڵێت: هەرگیز نابێت بە ئازادی ڕەها مامەڵە لەگەڵ پەیامی میدیایی بکرێت، بوونی میدیایەکی ئەکتیڤ کە خاوەن ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بێت، پێویستی بە ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری ڕاست و دروست و گۆڕینەوە و بڵاوکردنەوە هەیە، بەڵام هەرگیز ئەو ئازادیە نابێت ڕەها بێت، بۆ ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی میدیا لەبەرژەوەندی بەرتەسک و کەسیدا، چونکە لەژێر سایەی ئازادی ڕەهادا دەرفەت بە ئەو جۆرە دەزگا میدیایی و ڕۆژنامەنووسە دەرەخسێنێت کە پەیامی میدیایی لەبەرژەوەندی خۆیاندا بەکاربهێنن، ئەمەش وا دەکات زیان بە بەرژەوەندی و ژیانی تاکە کەسی خەڵک و کۆمەڵگە بگەیەنێت، بۆیە بەپێی ئیتیک و یاسایی ڕۆژنامەگەری و لەسەر بنەمای پەیاننامەی شەرەفی ڕۆژنامەوانی، ڕێگری کراوە لەبوونی ئازادی ڕەها بۆ میدیا، لە کاتێکدا خودی ڕۆژنامەنووس پێویستی بە جۆرە فلتەرێکی خودی هەیە، تاوەکو بەشێوەیەکی پیشەیی مامەڵە لەگەڵ هەواڵ بکات، بەشێوەیەک پەیامەکە لە لایەنگیری و بەرژەوەندی بەرتەسک و کەسی دووبێت.

پەروەر سەدیق گوتیشی: بوونی بەرپرسیارێتی لە پەیامی میدیایی دا زۆر گرینگە، هەر وەکو تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەروونی داکۆکی لەسەر ئەم ئەرکە دەکات، لەبەر ئەوەی بوونی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەپەیامی میدیایی دا هاوسەنگی لە ناڕاستەی پەیامی میدیایی دا دروست دەکات و باشتر ئامانجەکەی دەپێکێت کە لە بەرژەوەندی گشتی دا بێت، ئەمەش بەپلەی یەک بۆ خودی ڕۆژنامەنووس دەگەڕێتەوە کە پێویستە جۆرە سانسۆرێکی ویژدانی لەسەر خودی خۆی دروست بکات لەگاتی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ژانرێکی ڕۆژنامەوانی و دارشتنی ناوەڕۆکەکەی، بە شێوازێک کە لە چوارچێوەی ئیتیک و یاسایی ڕۆژنامەوانی، سزاکە دەگۆڕدرێت، لە هەرێمی کوردستان بەداخەوە بەرپرسیاریەتی لە پەیامی میدیایی دا لەبەرچاو نەگیراوە، لە بری ئەوەی ئەو پەیامە لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە دابێت، بەپێچەوانەوە بووتە هۆی بۆیە بەپێچەوانەی ئەمەش بەپێی یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی سزا بۆ دیارکراوە کە لەسەر بنەمایی قەبارە و گەورەی ئاستی تاوانی ڕۆژنامەوانی، سزاکە دەگۆڕدرێت، لە هەرێمی



د. سادق حەمە غەریب سەرگەتی:
ڕاگەیاندنی نابەرپرسیار گەلێکی ناهۆشیار و نابەرپرسیار بەرهەم دەهێنێت



ڕۆژنامەنووس هێرش قادر:
میدیا پێویستی بە ئازادی ڕەها هەیە، بەڵام پێویستە ئەو ئازادییە مامەڵەی دروست لەگەڵ بکرێت



ڕۆژنامەنووس پەروەر سەدیق:
هەرگیز نابێت بە ئازادی ڕەها مامەڵە لەگەڵ پەیامی میدیایی بکرێت

زۆربوونی ژمارەی سەگی بەرەڵا هاوواڵتیانی هەراسان کردووە

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر: بەپێی یاسا ڕێگەمان پێدراوە ئەو سەگانە بکوژین، بەڵام ئێمە نایانکوژین و کۆیان دەکەینەوە

بەڕێوەبەری ڤێتەرنەری هەولێر: شەڵتەڕێک بۆ کۆکردنەوەی سەگی بەرەڵا لە هەولێر کراوەتەوە

خەبات: فاتیح بەرزنجی

هاوواڵتیان لە زۆربوونی ژمارەی سەگی بەرەڵا لەناو گەڕەکەکانی شاری هەولێرو دەوروبەری نیگەرانن و داوا دەکەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە بدەن و ئەوان باس لەوە دەکەن کە سەگی بەرەڵای ناوکوچەو کۆڵانەکان هەراسانی کردوون.

نەبەز عەبدوڵحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر لەمبارەیەوە دەڵێت: گلەیی و گازاندەی زۆری هاوواڵتیانمان بۆ دێت سەبارەت بەو سەگە بەرەڵایانە کە لەسەر شەقام و کوچەو کۆڵانەکان بەرچاو دەکەون و دێنە شاریان تێکداوە. ئێمە لەگەڵ کوشتنی ئەو سەگانە نین و لەسااڵنی پێشتر ئەو سەگانە دەکوژران و ژمارەشیان بەو شێوەیە نەبوو، هەرچەندە بەپێی یاسا ئێمە لەسەرمانە ئەو سەگە بەرەڵایانەی کە مەترسی بۆ سەر ژیان و تەندروستی هاوواڵتیان دروست دەکات بکوژین، چونکە بەپێی یاسای عیراقی ڕێگەی پێدراوە، بەڵام ئێمە حەزناکەین کە سەگ بکوژین و لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی شیاوین کە ئەو سەگانە نەکوژرێن. وەکو هەنگاوی یەکەم شەڵتەرێک لەسەر ڕێگای هەولێر ژ گوێر دانراوە بەڕووبەری 5هەزار مەتر و چەند کەسێکی ئاژاڵ دۆست لەو شوێنە دەوام دەکەن و شوێنەکە سیم کراوەو ئامادەکراوە، ژمارەیەک سەگی تێدا کۆکراوەتەوە، بەڵام پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیەو بابەتێکی زۆر گرنگەو پەیوەندی بە هاوکاری حکومەت و ڕێکخراوە ئاژاڵ دۆستەکان هەیە تا هەوڵ بدرێت بۆ فراوانترکردنی ئەو شەڵتەرە.

نەبەز عەبدوڵحەمید گوتیشی: بەپێی داتای تۆمارکراوی تەندروستی هەولێر لەماوەی ڕابردوو چەندین کەس لەلایەن ئەو سەگانەوە پەلامار دراون و زامدار کراون، بۆ ئەم مەبەستەیش تیمێک پێکهێنراوە بەهاوبەشی قایمقامیەت و ژینگە پارێزی و شارەوانی و لایەنەکانی دیکە هەولێ بێ وچان دەدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیەو ئەگەر هاتوو ژمارەی سەگەکان زیاتر بوو هەرەوەها مەترسیش بۆ سەرژیانی هاوواڵتیان دروست بکات ئەوە کۆیان دەکەینەوەو دووریان دەخەینەوە چەندین نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە لەهەمووی گرنگتر نەخۆشی هاری سەگ و تووڕەگە ئاویەکانە کە هەردووکیان تووشی مەرۆڤ دەبن و چارەسەرکردنیان زۆر ئەستەمەو ئەو نەخۆشیانەی کە سەگ بڵاوی دەکاتەوە بەنەخۆشیە هاوبەشەکان دادەنرێت، ئێمە وەک ڤێتەرنەری و تەندروستی و پارێزگا بە پێی یاسای عیراقی ژمارە 48ی ساڵی 1984و پێکهێنانی لیژنەی هاوبەش بەسەرۆکایەتی پارێزگار یاخود جێگرەکەی و بەئەندامیەتی تەندروستی ڤێتەرنەری و شارەوانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە کۆبوونەوینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە، بەڵام بەم دواییانە کوشتنی سەگ ناڕەزایەتیەکی زۆری هاوواڵتیان و ڕێکخراوە ئاژاڵ پارێزەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، لەبەر ئەوەیش هەوڵ هەیە کە سنووردێک دابنرێت بۆ ئەو سەگانەو ئێستا ڕێکخراوێکی خۆبەخشی ئاژاڵ دۆست هەیەو شەڵتەرێکی لەسەر ڕێگای هەولێر ژ گوێر کردۆتەوە و جێگایەکە بۆ کۆکردنەوەی سەگ لەو شوێنە، ئەوەش پێویستی بەهاوکاری و پاڵپشتی زیاتر هەیە، چونکە تا دێت ژمارەی سەگەکان زیاتر دەبێت ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێت تا چارەسەری بۆ بکرێت.



(عێراق) لە (خوێن) گرنگترە!





پارێزەر/ عومەر سەیدزادە

رۆژ بەرۆژ کەلێنی نێوان خۆپیشاندەران و حکومەتی عێراق زیاتر فراوانتر دەبێ و زیاتر لە یەکتری دوور دەکەونەوە، گفتوگۆی ئاشکراو نهێنی و هەوڵو تەقەلای لایەنی سێیەم لە یەکترپانی نزیک نەکردۆتەوە، ئێستا چەند پێشنیارێک هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان و کۆتایی هێنان بەو خۆپیشاندانانە: حکومەتی عێراق هەر لە یەکەم رۆژەوە ئامادەیی دەربری ئەو داواکاریانەی ئەو بە رەوای دەزانێ جێبەجێیان بکات و تا ئێستاش ژمارەیەک بریاری دەرکردووە کە هەندێ لە داواکاریەکانی خۆپیشاندەران لە خۆ دەگرێ. دواتریش عزەت شابەندەر-ی نارد بەناوی حکومەتەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکات بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێناو بریارەکانیشی خۆپیشاندەرانی خاو نەکردۆتەوە.

حکومەتی عێراق ئێستا بە هێمنی دێنە سەرجادە، (تێکدەرانە)یان ئەنجام بۆیە ئامادەیە گفتوگۆی زیاتر بەهێز رووبەرووی ئەوانە ببێتەوە.

خۆپیشاندانەکانی خاو نەکردۆتەوە.

پێشنیاری مەرجەعی شیعە ئایەتوڵلا سیستانی: مەرجەعی شیعەکان لە نەجەف لە لە هەفتەی دووەمی خۆپیشاندانەکان لە خوتبەی رۆژی هەینی خۆیدا لە 8/11/ 2019 پشتگیری خۆی بۆ خۆپیشاندەران دووپات کردەوەو داوای لە حکومەتیش کرد چیتر هێز لەدژیان بەکار نەهێنآ و ئەوانەش سزا بدات کە پێشتر هێزیان لە دژی خۆپیشاندەران بەکار هێناوە، هەروا داوای کرد ئەم حکومەتە بە پێی نەخشە ڕێگایەک کێشەکانی هاوواڵتیان چارەسەر بکات لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

لە نێوان حکومەت و خۆپیشاندەراندا کەسانێک هەن کە دەکرێ بە لایەنی سێیەم ناویان ببەین داوا دەکەن ئەم حکومەتە لەسەر کار لانەدرێ و هەر لەسایەی ئەم حکومەتدا و بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە بەشداری شارەزایانی نێو دەوڵەتی یاسای هەڵبژاردنی عێراق هەموار بکرێتەوەو ئەم پەرلەمانەی ئێستا پەسندی بکات و ئەنجا لە ماوەیەکی نزیکدا لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵبژار دنێکی پاک ئەنجام بدرێت. ئەمانە ئەوە بە باشترین ڕێگە دەزانن بۆ ئەوەی هەم بۆشایی سیاسی لە عێراق پەیدا نەبآ و هەم داخوازی خۆپیشاندەرانیش لە گۆڕینی دەموچاوەکان بەدی دێت.

بەهێز ڕووبەرووی ئەوانە ببێتەوە.

لە نێوان حکومەت و خۆپیشاندەراندا کەسانێک هەن کە دەکرێ بە لایەنی سێیەم ناویان ببەین داوا دەکەن ئەم حکومەتە لەسەر کار لانەدرێ و هەر لەسایەی ئەم حکومەتدا و بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە بەشداری شارەزایانی نێو دەوڵەتی یاسای هەڵبژاردنی عێراق هەموار بکرێتەوەو ئەم پەرلەمانەی ئێستا پەسندی بکات و ئەنجا لە ماوەیەکی نزیکدا لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵبژار دنێکی پاک ئەنجام بدرێت. ئەمانە ئەوە بە باشترین ڕێگە دەزانن بۆ ئەوەی هەم بۆشایی سیاسی لە عێراق پەیدا نەبآ و هەم داخوازی خۆپیشاندەرانیش لە گۆڕینی دەموچاوەکان بەدی دێت.

پێشنیاری مەرجەعی شیعە ئایەتوڵلا سیستانی: مەرجەعی شیعەکان لە نەجەف لە لە هەفتەی دووەمی خۆپیشاندانەکان لە خوتبەی ڕۆژی هەینی خۆیدا لە 8/11/ 2019 پشتگیری خۆی بۆ خۆپیشاندەران دووپات کردەوەو داوای لە حکومەتیش کرد چیتر هێز لەدژیان بەکار نەهێنآ و ئەوانەش سزا بدات کە پێشتر هێزیان لە دژی خۆپیشاندەران بەکار هێناوە، هەروا داوای کرد ئەم حکومەتە بە پێی نەخشە ڕێگایەک کێشەکانی هاوواڵتیان چارەسەر بکات لە ماوەیەکی نزیکدا لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵبژار دنێکی پاک ئەنجام بدرێت. ئەمانە ئەوە بە باشترین ڕێگە دەزانن بۆ ئەوەی هەم بۆشایی سیاسی لە عێراق پەیدا نەبآ و هەم داخوازی خۆپیشاندەرانیش لە گۆڕینی دەموچاوەکان بەدی دێت.

بۆیە ئامادەیە گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ ئەوانە ئەنجام بدات، بەشی دووەمیش ئەوانەن کە بەرای ئەو کاری تێکدەرانەیان ئەنجام نەداوەو هەر بەردەوام بوو، بەڵام بەدووریش نازانرآ هەندآ لە خۆپیشاندەران ئەم پێشنیارەیان قبوڵ بێ بۆیە پێشبینی دەکرێ خۆپیشاندەران لە ژێر کاریگەریتی ئەم خوتبەیە بەن بە دوو بەشەوەو لایەنگرانی سیستانی ئامادە بن لەگەڵ حکومەت لەسەر نەخشە ڕێگایەک ڕێک بکەون ئەگەر نارازیەکان بەهێزتر نەیەنەوە ناو گۆڕەپانەکەنەو فەشەلی پێ نەهێنن.

خۆپیشاندەران رایەکی تەواو جیاوازیان هەیەو بەهیچ ڕێگەچارەیەکی حکومەت و لایەنی سێیەم و تەنانەت هەموویان بە پێشنیارەکەی سیستانیش رازی نین و مکورن لەسەر ئەوەی دەبآ ئەم حکومەتە مالئاوایی بکات، ئەوان دەڵێن لە دوای (2003)ەوە ئەم سیاسیانە تەلارێکی خوارو خێچیان دروست کردووە بەڵام ئێستا دەیانەوآ بە کەمێک چاکسازی تەلارەکە ئارایشت بکەن و هەندێک ڕاستی بکەنەوە، بەڵام دیواری خوارەخێچ بە ئارایشت و پینەو پەڕۆ ڕاست نابێتەوە بۆیە دەڵێن دەبێت ئەم تەلارە لە بنەوە هەڵتەکێنرێ و سەرلەنوآ تەلارێکی تازەی ڕاست و جوان دروست بکرێتەوە، کە ئەم سیاسیانەی لە 2003ەوە لەسەر شانۆکەن تیایدا بەشدار نەبن و بە یەکجاری لە گۆڕەپانی سیاسەت وەدەر بنرێن.

ئێستا هەم حکومەتی عێراق و هەم خۆپیشاندەران یەک دروشمیان بەرز کردۆتەوە و هەردوولایان دەڵێن ((عێراق لە خوێن گرنگترە)) هەردولاشیان مەبەستی خۆیان هەیە لەم دروشمە، حکومەتی عێراق مەبەستی ئەوەیە لە پێناو پاراستنی ئەم دامەزراوانەی حکومەت کە پاراستنی عێراقی لە دوایە ئامادەن هێز بەکار بهێنن بۆ کۆتایی هێنان بەو خۆپیشاندانانەو گوآ بەوەش نادەن چەند کەس دەکوژرێ، هاوکات خۆپیشاندەرانیش مەبەستیان ئەوەیە لە پێناوی ڕوخاندنی ئەم دامەزراوە سیاسیەی ئێستا کە بەبۆچوونی ئەوان پاراستنی (عێراق)ی لەدوایە ئامادەن چەندی پێویست بکات خوێن ببەخشن.

بە پێی هەندێ سەرچاوەی هەواڵیش حکومەتی عێراق بڕیاری داوە لە ڕۆژانی داهاتوودا بە زەبری هێز کۆتایی بەم خۆپیشاندان و کەنارگیریانەی خەڵک بهێنآ، هەروا لەولاشەوە لایەنگرانی خۆپیشاندەران دەڵێن لە ڕۆژانی داهاتوودا خۆپیشاندان گروتینێکی تازە بەخۆوە دەبینێ چونکە هەندێ کەسی تازە دێنە مەیدان کە سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکە لە ئەستۆ دەگرن، بۆیە پێشبینی دەکرێ ڕۆژانی داهاتوو ڕووداوی نەخوازراو ڕووبدەن.

چۆن گەنجان فێر بکەین تاکو بوێربن و نەترسێن لە ژیان



ئا: قارەمان مستەفا

گەنجان بە هۆی ئەو فێرکارییە هەڵانەی کە لە ناوخێزان یا لە قوتابخانە فێردەبن تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن، زۆربەی خێزانەکان خۆیان ترس بۆ منداڵەکانیان دروست دەکەن و فێری درۆیان دەکەن، یەکێک لەباشترین ڕێگاکانی لەناوبردنی ترس ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ترسەکە، بۆ نمونە قوتابییەک دەترسێت لەناو پۆل قسە بکات یا هەڵبستێت و وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستا بداتەوە، دەبێ دەرسەکە بخوێنێ و گوشار بخاتە سەر خۆی کە ترسەکە بشکێنێ، دەبێ هەوڵ بدات هەڵبستێت هەتا ئەگەر جەستەشی بلەرزێت، ترس لەگەڵ یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوە لەناو دەچێت، بەم جۆرە ترسەکە نامێنێت.

ترسان دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و تەنبەڵی و بێ توانایی و بێ ئارەزویی و لەکۆتاییشدا دەبێتە کەسێکی بێ دەسەڵات و شکستخواردوو، گەنجان سەرمایەی ولاتن، هەر ولاتێک گەنجەکانی ژیرو نەترس بێت بەرەوپێش دەچێت، هەر گەنجێک بەهای گەنجیەتی خۆی بزانی هیچ کات دوارۆژی خۆی لەبیر ناکات، بەبێراوەستان هەوڵ دەدات و بەسەختی تێدەکۆشێت تا لە تەمەنی گەنجیەتی بتوانێ دوارۆژێکی باش بۆ خۆی دەستەبەر بکات، گەنجان لە سەردەمی گەنجیەتی دەبێ توانای خۆیان بدۆزنەوە و بیروهۆشیان بەکاربهێنن تاکو بتوانن سود لە توانایەکەیان وەرگرن، بەبێ هیواو ئارەزو ناکرێت پلان بۆ دوارۆژ دابڕێژی، دەبێ باوەربەخۆبوونمان بهێز بکەین ئەگەر بەبەردەوامی لە هەر کارێک بلێیت ناتوانم واتا توانایەکانی خۆت ناتوانی بدۆزیتەوە، خۆتان وەکو کەسێکی بێ دەسەڵات دێتە بەرچاو لەو کاتەیە کە توانای هیچ کارێکت نابێت، ئەگەر بەڕیسایەتییەکت پێ ڕاسپێرن دەترسێیت قبوولی بکەیت، پێش هەرکارێک دەبێت خۆتان قبوول بکەن و توانایەکەتان بدۆزنەوە ئینجا بڕیار لەسەر کار بدەن، ئەزموونی کەسانی سەرکەوتوو وەرگرن و بیکەنە ئولگوی خۆتان، زۆربەی گەنجان شارەزاییان لە زانستی سەردەم نییە، لەبەر ئەوە دەبێ کەسێک ڕێنمایی گەنجان بکات تاکو فێری زانستی سەردەم بن، نابێت بە چاوێکی سوک تەماشای ئارەزوی گەنجان بکەین و گرنگی بە داواکارییەکانیان نەدەین ، دەبێ فەرهەنگێکی وا ڕەواج بدەین تاکو گەنجان چالاکانە بگەڕێن بە دوای فکرەی باش بۆ داهێنان.

زۆربەی گەنجان لەبەر نەبوونی فەرهەنگێکی باش قوتابخانە و زانکۆیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە کار، ئەو شوێنانەی کە وادەزانن دوارۆژێکی باش بۆیان دابین دەکات، فەرهەنگی داهێنان لە دەیەی(1980)وە دستی پێکردووە تاکو ئێستاکە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، داهێنەرانی ڕابردوو نەیانتوانی ڕێگایەکی نوێ بۆ نەوەی داهاتوو بدۆزنەوە، داهێنەرانی گەنج حەز دەکەن شوێنی خۆیان لەو جیهانەدا بدۆزنەوە و شوێنەوارێک لە خۆیان بە جێ بهێڵن، دەبێ کاناڵی تایبەت بە گەنجان دروست بکرێت و فکرەی نوێ لەو کاناڵانە نەمایش بکرێت لە ڕێگەی بەرنامەی فێرکاری.

دەبێ دەسەڵاتداران بزانن ئەگەر گەنجان پشتیوانی بکرێن بۆ داهێنان ئەوە زۆربەی گەنجان دست دەکەن بە داهێنان و ئیش و کاری نوێ دەدۆزنەوە، گوشاری خێزان و مامۆستا و هاوڕێیان کاریگەری هەیە لەسەر گەنجان و وا لە گەنجان دەکات ترسیان بۆ دروست بێت لە شکست و چاوپۆشی بکەن لە ئارەزووەکانیان، ئەزموون لە کەسانی تر وەرگرن و دەست بکەن بەکارکردن وکاری خۆتان خۆتان بەڕێوەی بەرن، ئیش و کاری تایبەت بەخۆتان بکەن، ئیشی تایبەت بەخۆتان واتان لێ دەکات هەست بە ئازادی بکەن و بیر لە بەرەوپێشچوون بکەنەوە، کار کردن پێویستی بە ئیرادە و هەوڵدانە هیچ کارێک بەبێ ماندووبوون نابێت، زۆر کەس سودی لە ئەزموونی کەسانی تر وەرگرت و سەرکەوتوو بوو، بۆ ئەوەی ببیتە داهێنەر نابێ دڵەڕاوکێت هەبێت، دەبێ پشت بە کەسانی سەرکەوتوو ببەستیت و لە شکستیش نەترسێیت، زۆربەی قوتابیانی زانکۆ خەرجی ڕۆژانەیان لە دایک و باوکیان وەردەگرن، گەنجان نابێ بە نەڕێنی بیر بکەنەوە لەبەر ئەوەی ئەگەر لە خراپترین باری ژیانیش بیت و شکستیش بێنی بە لایەنی کەم ئەزموونێک وەردەگریت، ئەو ئەزموونە شانسی سەرکەوتنتان زیاتر دەکات، بۆ دوارۆژ نابێ چاوەڕوانی ڕووداوێکی گەورە بیت بۆ ئەوەی ببیتە سەرمایەدارێکی گەورە، بە گوتەی (تۆماس ئستیلی) و(ویلیام دنک) نووسەرانی کتابی (میلیۆنێرەکان 2/3 ملیۆنێرەکان داهێنەرن، ئەگەر ئێوە لە فکری بەدەستهێنانی سەرمایەدان دەبێ داهێنان بکەن، بەو جۆرە ئێوە جگە لەو پارەیەی کە بە دەستتان دەکەوێت دەتوانن داهێنانەکەشتان بفرۆشن، بۆ نمونە: (مایکل فاردیک) گەنجێکی سەرکەوتوو لە تەمەنی (16) ساڵی توانی پلانی ئیشی خۆی بە نرخی یەک ملیۆن دۆلار بفرۆشێت، داهێنان ڕێز و کەسایەتیت زیاد دەکات، کارکردن لەو کاتەی کە قوتابیت و دەخوێنی کەسایەتیت دەگۆڕێت و ڕێزت لە لای خەڵک زیاد دەکات، کەسانی سەرکەوتوو گرنگی بە شکست نادەن بەس بیر لە کەسایەتییان دەکەنەوە، بۆ نمونە: کەسێک کە کەسایەتی هەبێت بە ئاسانی دەتوانێ دست بە داهێنان بکات و هەرچی بیەوێت دەتوانێ بەدەستی بهێنێ، لەبەر ئەوە خەڵک ڕێزی دەگرن، دەزانن کەسێکی سەرکەوتووە. دروستکردنی کارێکی بەسود و ئەنجامدانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ باشترە لەو کەسەی کە دادەمەزرێت لە کۆمپانیایەک و لەو کۆمپانیایە تەمەنێک کاردەکات، تەماشای دواین ئاماری ئابووری بکە دەبینی بە دەیان هەزار کەس لە کارەکەیان دەرکراون، بەڵام ئەوانەی کە خاوەن کاری بەسودن تاکو ئێستاکە هەر کار دەکەن، خاوەن کاری تایبەت لە دوای هەموو کەسێک ئابڵۆقەی ئابووری کاری لێ دەکات، لەبەر ئەوەی خاوەن کاری تایبەت زۆر هەڵی کاری بۆ دێتە پێش و بە ئاسانی پارە بە دەست دەهێنێ، بەڵام کەسانی دامەزراو بەس معاشێک وەردەگرن و هەڵی کاریشیان کەمتەرە لە خاوەن کاری تایبەت، ئێوە زۆر شت دەربارەی خۆتان فێردەبن بەهەوڵ و ماندووبوون توانای خۆتان دەدۆزنەوە، فێری شتی وا دەبن کە هیچ کات لە قوتابخانە فێری نابن، جگە لەوەش داهێنان پێکهاتووە لە هەموو ئەو سیاسەتانەی کە پێویستە بۆ دروستکردنی کارێکی تایبەت، گەنجان باشتر دەتوانن بیر لە ژیانیان بکەنەوە و باشتریش پلان بۆ ئارەزووەکانیان دابڕێژن، داهێنەر خاوەن بڕیارە خۆی، یاسا بۆ کارەکەی دادەنێت و بە پێی یاسایەکە کار دەکات، ئەوە تۆی کە ماوەی کارکردن دیاری دەکەی و کەسانی پێویست هەڵدەبژێری بۆ کارەکەت و کارەکەت بە ئارەزووی خۆت بەڕەوپێش دەبەی، ئەگەر حەز لە هونەر دەکەی دەتوانی کارێکی هونەری بدەی، ئەگەر حەز لە کاری بازرگانی دەکەی دەتوانی کەلوپەلێکی باش بهێنیت و لە بازاڕدا بیفرۆشی و ئەگەر نووسەریشی کتابێکی باش بنووسە و چاپی بکە و کتابەکە بفرۆشە، داهێنەران کەسانی گەورەن و بە هۆی داهێنانەکەیان فکریان زۆر بەهێز دەبێت و بە ئاسانی دەتوانن قسە بکەن لەبەرامبەر کۆمەڵگەدا و بە ئاسودەیی و بەبێ ترس باسی داهێنانەکەیان دەکەن، لەبەر ئەوەی داهێنانەکەیان بە پلان ئەنجام دەدەن و پێش ئەوەی دست بکەن بە داهێنان لەسەرەتادا داهێنانەکەیان لەسەر کاغەز دادەڕێژن و کۆتایی داهێنانەکەیان بە باشی بۆ دەردەکەوێت، ئینجا دست دەکەن بە داهێنان و لە کارەکەشیان سەرکەوتوو دەبن.

پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارەی ئێران مستەفا ئیبراهیم مستەفا ناسراو بە مستەفا تۆپچی



ئیسماعیل گوندەڕۆی

(مستەفا ئیبراهیم مستەفا) لە گوندی (ئاکۆیان) سەربە قەزای رواندز لە ساڵی (1950) لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە. مستەفا ئیبراهیم لە ساڵی 1965 لە تەمەنی 15 ساڵیدا لەگەڵ باوکی چەک دەکاتە شان و هەر زوو لای (مەلا ئەمین) دەبێتە پێشمەرگە تا تەمەنی دەبێتە بیست ساڵە، پاشان بە فەرمی دەبێتە پێشمەرگەی (محمد زیاد) لە زۆربەی شەڕەکانی کێوی کۆڕک بەشداری دەکات و پاشان بۆ ماوەی نزیک ساڵێک لەگەڵ (بێجان جوندی) بەشداری شەرەکانی کێوی زۆزک دەکات، لە زۆربەی داستانەکان بەشداری دەکات و بەهۆی لێهاتوویی و چاو نەترسی خۆیەوە دەبێتە (تۆپچی)، هەربۆیەش ناوبانگی بە (مستەفا تۆپچی) دەرکرد.

مستەفا ئیبراهیم تا دوا بەرگری لە کوردستان دەمێنێتەوە و دوای نسکۆی شۆڕش کۆچ دەکاتە ولاتی ئێران و لەگەڵ پەناهەندەکان دەچێتە شاری (سمنان)، لەوێش بەشداری خولێکی تۆپهاویشتن دەکات، پاشان پیلانی ولاتی ئێران بۆ پەرتوبڵاوەکردنی پەناهەندەکان (مستەفا ئیبراهیم) دەکەوێتە شاری (شەهرود).

مستەفا ئیبراهیم لە شاری (شەهرود) ساڵی (1985) لەگەڵ (مەعسومە محمد سادق) لە ڕەچەڵەکی فارس پەیوەندی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت، لەو ئافرەتە دوو کوڕو سێ کچی هەن.

مستەفا تۆپچی دوای ڕاپەڕین و ئازادی عێراق بەهۆی دووڕە دەستی نەیتوانی بگەڕێتەوە، دواجار لە (2013/4/9) لەگەڵ هاوسەرەکەی و هەردوو کوڕەکانی گەڕانەوە کوردستان، ئەو بە یەکجاری ولاتی ئێرانی جێ هێشتبوو، تەواوی کەرستە و پێداویستییەکانی بەخشی بوو، چونکە کچەکانی کەتبوونە سەرماڵ و حاڵیان و تەنها خۆی و هاوسەر و دوو لە کوڕەکانی لەگەڵ بوون، بە ئومێدی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئارام و ئاسودە تا هەتایە لەو نیشتمانە شیرینەدا بژین، ئومێدی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر خۆشبوو، سەرەتا لەماڵی خزمانی لە شاری رواندز مایەوە، مستەفا ئیبراهیم ئەو ئیمکانیاتەی نەبوو خانوو بەکرێ بگرێت و پێداویستی ژیانیشی دابین بکات، دوای سێ مانگ مانەوە لە ماڵی خزم و کەس و کار و زۆر هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی کەمترین مووچە بۆ بژێویان و وەرگرتنی ناسنامەی عێراقی بۆ خۆی و منداڵەکانی، بەڵام بەداخەوە بێ سودبوو، هاوسەر و منداڵەکانی بەناچاری گەڕانەوە ولاتی ئێران و مستەفا ئیبراهیم هەر بە ئومێدی نەتەوەپەرستی کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو، هەر بەداخەوە ئەو ئاواتەی مستەفا ئیبراهیم کە چەندین ساڵە لە هزربدا هەڵی گرتبوو بۆی نەهاتەدی، دوای دوو ساڵ ژیان لە دەرکان و ماڵان دوبارە هاوسەر و کوڕە گەورەی گەڕانەوە کوردستان، لە 12/ 4/ 2015بۆ یەکەمجار ناسنامە تەنها بە مستەفا ئیبراهیم و کوڕێکی بەناوی (مەهدی) لە ڕەگەزنامەی رواندزیان پێدرا و کارتی نیشینگە (ئیقامە)ی یەک ساڵەش بە (مەعسومە)هاوسەرەکەی درا، ئەوە هەوڵێکی ئومێدبەخش بوو، بەڵام دووبارە هەر بەهۆی نەبوونی شوێنی حەوانەوە و نەبوونی بڕە مووچەیەک هاوسەر و کوڕە گەورەکەی گەڕانەوە ولاتی ئێران.

مستەفا ئیبراهیم ڕۆژانە بە ئێران و چارەسەری بۆ کرد، بەڵام ئەو دوای چارەسەری سەرەتایی و سەرپێ کەوتن بۆ خۆشەویستی نیشتمان دەگەڕایەوە کوردستان و لای خانەوادەی نەدەمایەوە، دوو جار مستەفا ئیبراهیم لە ولاتی ئێران چارەسەری بۆ کرا و هەردوو جار نەمایەوە.

مستەفا تۆپچی بۆ دواجار کە گەڕایەوە کوردستان، بەهۆی ئەوەی کە لە ژیانیش بێ ئومێد ببوو لای خانەوادەکەی ماڵئاوایی یەکجاری کردبوو، گوتبووی پێویستە لەسەر زێدی خۆم و لە ولاتەکەم بمرم و بمنێژن، مستەفا ئیبراهیم کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵ گەڕایەوە ژووڕە تاریک و چۆڵ و سارد و سۆڵەکەی، دەستبەجێ نەخۆش کەوت و لە کونجی ژووڕێکدا مایەوە، کەس بەحاڵی نەدەزانی و کەس و کاریشی بێ بەزەیی بوون. خەڵکە دراوسێیەکەی ژەمە خواردنێکیان پێ دەدا، ئەو پێشمەرگە قارەمانە هەم لەناوەوە و هەم لە دەرەوەی جەستەی بەتەواوی بێ ئومێد ببوو، چاوەڕێی مردنی دەکرد، بەڵام خۆشبەختانە لە 2019/7/9و هەست پێکردنی (بارەگای بارزانی) لە ڕێگای کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە، گەڕان بەدوایدا و دەست بەجێ گەیەندرایە نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران. لەلایەن لیژنەیەکی خەمخۆرەوە ڕۆژانە چاودێری دەکرا.

لەیەکەم ڕۆژەوە بەمبەستی چاودێری و خەمخۆری بۆ پێشمەرگەی قارەمان (مستەفا ئیبراهیم) بە ئاگاداری بارەگای بارزانی لیژنەیەک لە لقی 10و (دەزگای ئەیلوول لە سۆران) پێکهات، ئەو لیژنەیە لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ بەڕێوبەری نەخۆشخانەی ئاشتی لە هەماهەنگیدا بوو، ڕۆژانە بەردەوام سەردانی دەکردن و تەواوی پێداویستی ئەو نەخۆشەیان دابینکرد، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆ مستەفا ئیبراهیم کرد و بەردەوام کەوتنە تەماس بۆ گەڕاندنەوەی کوڕە گەورەکەی بەناوی (مەهدی)، لە 2019 /7/17 ئەو کوڕە گەورەیە گەڕایەوە لای باوکی، بەڵام هەرزوو گەڕایەوە ولاتی ئێران.

نەخۆشی کوشندە بەڕۆکی مستەفا تۆپچی بەرنەدا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەراسانتری دەکرد، هەرچەندە پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانە هەوڵی زۆریان دا، بەڵام بێ هیوا بوون لە چاکبوونەوەی ئەو پێشمەرگە قارەمانە، دوای هەوڵ و ماندووبوونی زۆری لقی 10و دەزگای ئەیلوول لە سۆران بۆ چارەسەری ناوبراو لە هەر شوێن و لە هەر ولاتێک بەڵام بێهودە بوو،

هیچ کامیان لە پزیشکەکان ئەو دڵنیاییەیان نەدا بۆ چارەسەر بوونی، هەربۆیە دوای 70ڕۆژ مانەوە لە ژێر چاودێری پزیشکی، بەرەبەیانی 19ی ئەیلوولی 2019بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەو پێشمەرگە قارەمانە چووە بەر دلۆڤانی خودا و لە مەراسیمێکی شایستەدا لە گۆرستانی گوندە خنجیلانەی ئاکۆیان بە خاک سپێردرا، هەزاران سلاو لە گیانی پاکی ئەو پێشمەرگە و نیشتمانپەروەرە.



مستەفا ئیبراهیم مستەفا

خوێنی گەلی کورد پر بەهایە و هەوێنی ئاشتی سەقامگیر ناوچەکە و جیهانە





ڕێبوار حەمەلاو شوانی

دەیان ساڵە ، ئێمەی کورد خاوەن دۆزێکی ڕەواین و قوربانی بۆ دەبەخشین و هیچ کات چاومان لەوە نەبووە کە دەستمان بگرێت و خێرمان پێ بکات ، ئێمەی کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنین خاوەن میژوویەکی 3000ساڵەین جیاواز لە ئەمەریکاییەک کە تەنها چەند سەد ساڵێک دۆزراوەتەوە و هەر کەسەوە لە شوێنک ڕووی تێکردووە و دەستیان بە سەر ئەو کیشوەر دا گرتووە.

یەک دڵۆپ خوێنی هەر کوردستانییەک ناگۆڕینەوە بەهەموو خاکی ئەمریکا نەک چەک و پارەی هیچی ترامپ، دایکە شەهیدێک کە جەرگی ستاوە بەهەموو دونیا نادات، لەکاتێکدا ئێمە بۆخاک و وەلاتمان تێئەکۆشین پاریزگاری لەشەرف و کەڕامەتی خۆمان ئەکەین، جگە لەوی بە ترامپ ڕا ئەگێنین ئەگەر لەبەر ئیرادەو خۆڕاگری و فیداکاری و خەبات و خوێنی پێشمەرگە نەبوایە داعش وا بەئاسانی تێکنەئەشکا ، بەڵکو ئالاکەی لە زۆربەی شوێن بە بەرزکراوەی ئەمایەوە ، تەنانەت لە کۆشکی سپی ئەبوو ، بۆیە نازانین جەنابی ترامپ سەرۆکی ئەمریکا ، چۆن مافی ئەوەی بەخۆدەدات کە بڵێت کورد بەرامبەر چەک و پارە شەڕی بۆ ئێمە کردووە ، بەڕاستی جێگەی نیگەرانییە".بەڵام ئەوەی جێگەی شانازی بوو ئەم وەڵامە بوو کە هەموو کوردێک سەربەرزە بە و پەیامەی سەرۆک بارزانی کە ئاراستەی جەنابی ترامپی کردوو لە وەڵامی سەرۆکی ئەمریکا گووتی (خوێنی ڕۆڵەی کورد زۆر لەچەک و پارە بەهادارترە) ئەمەش لەهەموو دونیا دەنگی دایەوە ، بێگومان ئەم هەڵوێستەی سەرۆک مەسعود بارزانی بەرامبەر بە سەرۆکێکی زلهێزی وەک ئەمریکا ، شایستەی ڕێزگرتنە و دڵسۆزی و وەفاداری سەرۆک بارزانی دەنوێنی بەرامبەر بە گەلی کوردو کوردستان، کەوەک هەمیشە داکۆکیکی لە مافەڕەواکانی گەلەکەمان کردووە و بوێرانە داوای سەربەخۆیونی کردووە.

زۆر سەیرە گەلێکی 40 ملیۆنی تا بە ئەمڕۆ بە هۆی بەرژەوەندی زلهێزان و چاو چنکۆکی داگیرکەرانەوە بێ دەوڵەت بێ و سەربەخۆ نەبێ و وون بێت و ئاواڕە ولاتان بێ؟ لەوەتەی لەیادمەو ژیاوم هەر میللەتەکەی خۆمم بینیووە، زوڵمی لێکراوەو چەوساوەتەوە، لەوەتەی ئەخوێنمەوە هەرچی مێژووە باسی دەربەدەری و زەحمەت کێشی باو باپیرانمان بەرچاوم کەوتووە، باس لە داگیرکاری خاکی کوردستان و قڕکردن و ئەنفال و کیمیا بارانی کورد کراوە لە هەرچوار پارچەکانی کوردستان، لەبەرامبەریشدا ولاتە زلهێزەکانیش هەمیشە لەبەر بەرژەوەندییەکانیان و نە ڕەنجاندنی دیکتاتۆرەکان لەخۆیان، پشتیان لە کورد کردووە و لە نیوەی ڕێگا جێیان هێشتوون، تەنانەت زۆرجار هاوکاری سەرەکی نەیاران بوونە بۆ لەناو بردن و چەوساندنەوەی ئەم گەلە خێر لەخۆنەدیووەو ماف خوراوە".بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەمان هەردەم لەبەرچاو بێت، کە وەرەی بەرزی کورد و مەردایەتیان پێناسە نەکراوە، هەردەم گەلی کورد ئەوەندە خۆڕاگر و بەهێز بوونە و بەردەوامیش بە وەرەی بەرزەوە دەڕوانن هیچ زیندان و قەتل و عامێک نەیتوانیووە دەنگی کورد کپ بکات و میژو ناسنامەی بسڕێتەوە، هەروەک وەڵامێکی جوان هەیە بۆ وەڵاتە شەڕکەرەکانی جیهان، ئەویش وتەی یەکێک لە ئافرەتێکی بەتەمەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئەڵێ (چ دبە بلا ببە تۆپ و تەیارە هەرچ ل مە بکەن ئەم ئاخاخو بەرنادین) بێگومان تا کورد خاوەن ئەم ئیرادەو خۆڕاگریە بێت هیچ ڕژێمێک ناتوانێت بەسەری زاڵ بێت و ناسنامەی کوردایەتی بسڕێتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەوەی سەرکەوتوومان دەکات، یەکڕیزی گەلی کورد و یەک هەڵوێستی و یەکدەنگییە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، کاتی ئەوەیە ماڵی خۆمان کۆبکەینەوەو تاکە پەیامان ئازادی و سەربەخۆ بوون بێت، کە لەم ڕێگایەدا کورد بە هەزاران شەهید و قوربانی داوەو چەندان جار دووچاری مالوێرانی و دەربەدەری بووتەوە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوەو کۆڵیش نادات تا ئەوکاتەی بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگات.

ووڕ بووڕ
ناسنامەی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی شارستانی دلخواز انور احمد ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
ناسنامەی باری شارستانی هەولێر/ بحرکە بەناوی مولانی محمد حسین ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
ناسنامەی زانکۆی پولی تەکنیکی هەولێر/ کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری بەشی ئەندازیاری ڕێگاوبان بەناوی مسعود صالح یونس ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦٢٠٤٣ بەبڕی ١١٤٥٠٠٠ یەك ملیۆن و سەدو چل و پێنج هەزار دینار بەناوی هاژە جلال حمە و عدنان علی صدیق ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦٦٥٨ بەبڕی ١١١٨٠٠٠ یەك ملیۆن و سەدو هەژدە هەزار دینار بەناوی سۆران خالد حمە ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ووڕ بووڕ
دەفتەری مۆلەتی پیشەیی لەبەڕێوەبەرایەتی کار دەرچووە ژمارەی مۆلەت ٣٥٠٢ لە ٢٠٠٦/٥/١١ بەناوی گیلان سلیمان رسول ووڕ بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران بەشی مولکایەتی
ژمارە: ٤٧٦٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٧
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بە ژمارە ((٢٤٢)) لە بلۆکی ((٩)) لە گەڕەکی بانە دەکەین کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە تاکوو ماوەی ((٣٠ سی ڕۆژ)) هەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەم پسولەیە هەیە سەردانی شارەوانیمان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
تێبینی : تەواوی پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
مافپەروەر/ کاوە نجیم عبدالله
سەرۆکی شارەوانی سۆران/بە وەکالەت
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١١٧٣/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چێنەر داوا قادر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب/ ئاسایشی سلیمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ١٢٤٣/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
سەرهەنگ احمد محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٤) لەیاسای مخدرات لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب/ ئاسایشی شارەزوور) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٧٢١/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
حمە صالح محمد احمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (خورمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / زیاد بشیر محمد علی
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٢٠٣/ك/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢١
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: علی
رمضان علی مصطفی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ١٤٣٤/ج/٢٠١٥
بەروار: ٢٠١٩/١٠/١٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: علی
عبدالله علی محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / کامل تۆفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٠٧٩/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٨
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
بابان عثمان مصطفی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ سروەر علی جعفر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٠٦١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
ابراهیم علی ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (دووەم) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ جبار رضا احمد
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٢٣٠٦/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو:
مصطفی علی مارف
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارچرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / ازاد اکرم مجید
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٣
ئاگاداری
داواکار (هەڵو غالب عبید)
داوا لەسەرکراو/ هێرش کریم خواڕەحم بەڕواری (٢٠١٩/٨/٢٦) بریارێك دەرچووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ بە ژمارە ٢٣٧٦/ب/٢٠١٨ بەپاپەندکردنی داوالەسەرکراو بە گەڕانەوەی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٥٥٦٦١/ محص بغداد مۆدێل ٢٠٠٥) بۆ داواکار و سەرجەم تێچوونەکانی داواکە دەکەوێتە سەر داوالەسەرکراو بە ئەرکانەی پاڕێزەرێتی بریکاری داواکار بەبڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە لەماوەی یاسایدا ناڕەزایی و پێداچوونەوە بگیرێت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ د. ماجد ڕشاد محمد
* * *
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٢٢٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٥
جارِدان
بۆ داوالێکراو (بەختیار صافی تقی الدین) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (کوردستان جلال عثمان) داوای ژمارە ٢٢٢/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە کەتیایدا داوای (پێدانەوەی ئۆتۆمبێل) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەدادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٢) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٧٤٥/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٠
جارِدان
بۆ داوالێکراو (سۆران شمس الدین صابر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بیداء احمد حمزە) داوای ژمارە ٧٤٥/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (پەسندکردنی تەلاق دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (گەڕەکی ژین/ دارەتوو) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمله و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (FAST CLEANING HOUSE) بۆ خزمەتگوزاری پاککردنەوەی خێرا/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Golden Architecture) بۆ نەخشەدانانی ئەندازیاری و داپۆشینی بینایە بە ئەلیکۆبۆن و جامی سیلیکۆن و بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١٣٦/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/
محمد شیرزاد حسین
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٣١/٤٠٦ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٢٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارەك ٣١٤٥/ش٢٠١٩/٦
بەروار: ٢٠١٩/١١/٧
جارِدان
بۆ/ داوالێکراو (عباس صابر محمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (دیلان نوری محمد) داوای ژمارە (٣١٤٥/ش٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تفریق طلاق) دەکات لەتۆ،وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/گەڕەکی صلاح الدین) بۆیەدادگا بڕیاردا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/٨) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ مازن مظفر محمد
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٧٧/م/٢٠١٩
رێکەفت/١٠/٢٠١٩/١١/١٠
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (برکات مراد رکان) جهێ ئاکنجی بوونی نەیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێك جودابوون(التفریق) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (هنیە سیدو خدر) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا شنگالی ناحیا الشمال کومەلگەها دوکری ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەہ روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٤/٢٨٢٤
رێکەوت/١٠/٢٠١٩/١١/١٠
راگەهاندن
بۆ / قەرزار : صباح عبید خندان
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٢٤/١) کەرتێ (١٣/مالطا اسلام) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (کاروان حجی محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف جیهان) بکوژمێ (٤٢١١٢٥٠٠) چل ودوو ملیون وسەد ودوازدە هزار وپێنج سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) روژادە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٨٤٠٠٠٠٠٠)هەشتێ وچار ملیون دینار دگەل رەگەزنامە عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە (دهۆك) مولکێ ژمارە (١٢٤/١) کەرتێ(١٣/ مالطا اسلام) جور پێك هاتیە ژ خانیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ هۆل داخلی ولێنانگەە وپێك هاتێن ساخلەمیێ ودوو ژۆرێت نقستنێ وژۆرەکا پێشوازیێ دکەڤیتە سەر شارعەکێ فەرعی (١٠م) واجیهە (جەنوب) روبەر (٢٠٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٨٤٠٠٠٠٠٠)هەشتێ وچار ملیون دینار
هاریڤان ایوب عبدالله /
جێ بەجێ کاری داد
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی بەردەرش
ژمارەی دۆسیە/٦/ت.د/ ٢٠١٩
رێکەوت/١٠/٢٠١٩/١١/١٠
ئاگەداری
بۆ / قەرزار : صباح عبید خندان
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە بەپێی مادەی (٢٧)لە یاسای جێ بەجێکردن بریاردرا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین کەوا مولکی تۆ ژمار (١٣/١) کەرتی (٨٢/روفیا) فرۆشرا لە جیاتی قەرزی خاوەن قەرز (سالم یاسین سلیم) بۆیە دەبێت لە ماوەی (١٠)دەہ رۆژ لە رۆژی دوای رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادەبیت بۆ دانەوەی قەرزی خاوەن قەرز (سالم یاسین سلیم) کە بری (٩٥٨٤٧٥٠) نۆ ملیون وپێنج سەد وهەشتا وچوار هەزار وحەفت سەد وپەنجا دینارە ئەگەرنا بەپێی یاسای جێ بەجێکردن مادەی (٩٧/ سێیەم) مولکە کە تو مارەکرێت بەناوی کریار
جێبە جیکاری داد / عنتر فرهاد محمد
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١٣٤٢/ش٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/٧
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: بسنه خلف علی
ل دیف داخازیا داواکار (رعدی یوسف عمر) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا (تەلاقێ) ژ تە کریە و ژبەر نەیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژارێ (تاخی بروشکی) ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٩ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/١١/١٤) یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە: ١٦٦٩/ب/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/١٠/٣٠
ئاگەهداری
بۆ/ داوالێکری: اراز حازم خورشید-
جهێ ئاکنجیێ وێ نەدیار
ژبەر داوا لسەر تە هاتیە تومارکرن ژلایێ داواکاری (هلکت کمال عبدالله) ددادایا ژمارە ١٦٦٩/ب/٢٠١٩ ل رێکەفت ٢٠١٩/١٠/١٠ داخاز دکەت دانا تە بوو وی کوژمێ (١٦٠٠٠٠) سەد و شێست هزار دینار وەك قربو، کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیارە ل دویف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن قەسروکێ ژمارە ٢٧٨١ رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٨ و قەژارا هەلبژارتیێ گوندێ کەفرە سور رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٨ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو رۆژنامێن نافخویی لدیف مادێ (٢١) ل یاسایا دادبینیا شارستانی بو ئامادەبوونێ بەرامبەر ئەڤێ دادگەهێ دەمژمێر (٩)ی سپێدێ روژا ٢٠١٩/١١/١٩ و ئەگەر ئامادە نەبی یان بریکارەکێ پێش خوفە نەهنێری دێ دادبینی بێی ئامادەبونا تە بڕیڤەجیت و ئاشکرایی و ل دیف یاسایێ.
دادوەر/ عزیز محمد سعید
* * *
فەرمانگەی دادنووسی
(یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/٦
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (دیار عبدالقادر احمد) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (رێگای کرکوك) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دوو کووەرەی ١٠٠٠٠٠ لتری بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤ K.W٦٠ تبادل مائی براد.
٢- ١٢ خەزانی خەزنی بەرهەم ٢٤٠٠٠ لتری بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W١٢
٣- دوو چلەری ساردکردنی ئاو محلین ٣ پانکەیی بێ ژمارەن مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤٠*K.W٢
٤- ٥ خەزانی ڕوون ١٠٠٠٠٠ لتری بێ ژمارەن دروستکراوی محلین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W٥
٥- حەوزی پاشماوەی رونی پیس ٥٠٠ طن بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠
٦- ١٠٠ خەزانی خەزنی ١٠٠٠٠٠ خەزنی ڕونی خاوێن بێ ژمارەن دروستکراوی محلین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠*K.W١٠
٧- فحصی نسبەی ئاو لە ناو ڕوون بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١
٨- قەپانی ١٢٠ طەنی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٠
٩- سلفەری فحص کردنی ڕوون یابانی.
١٠- فلاش پۆین فحص کردنی ڕوون یابانی.
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (وارپاك نیت) بۆ (گەیاندن / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / ریبر محمد نظیف

ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧٢١٢٥

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٩٥٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی) کۆمپانیای (زاری بەهیز) بۆ باڵرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (زاری بەهیز) بۆ بازرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر


بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٩٥١
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٦
بڕیاری پاکتاوکردنی) کۆمپانیای (FAST CLEANING HOUSE) بۆ خزمەتگوزاری پاککردنەوەی خێرا/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (FAST CLEANING HOUSE) بۆ خزمەتگوزاری پاککردنەوەی خێرا/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٨٠٩٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کبار) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نوسرا لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٤
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٩٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١
بڕیاری پاکتاوکردنی) کۆمپانیای (Golden Architecture)
بۆ نەخشەدانانی ئەندازیاری و داڕشینی بینایە بە ئەلیکۆبۆن و جامی سیلیکۆن و بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Golden Architecture) بۆ داڕشینی بینایە بە ئەلیکۆبۆن و جامی سیلیکۆن/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بارزان حسن ملا یحیی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢١
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ٨١٥٥
رێکەوت / ٢٠١٩/١١/٦
بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سەرسەنگ / بۆ بەرهەم هێنانی بلۆك / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٦
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ڕووسیا.. گەڕان بە دوای هاوسەنگییەکاندا



د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم

بەشی یەکەم

گرینگترین کێشەی سەردەمی ڕووسیا: تەنگژەی ئابووری، تێکچوونی پێوەندییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی، کێشەی شەڕی ئۆکراینا، تیرۆریزم، کێشەکانی ناوەخۆی و هەرێمایەتی و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان و نادیاری داهاتووی سیاسی ڕووسیان. لە ڕووی سیاسییەوە - ڕووسیا هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگی پێوەندییەکانی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ئاسیایی و ڕێکخراوی بریکس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. لە کاتی تەنگژەکاندا تاکتیکەکان بەسەر ستراتیجییەتدا زاڵ دەبن.

ئایا ئاڵۆزییەکانی پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئۆکراینا چارەسەر دەکرێن یاخۆ درێژخایەن دەبن؟ چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا بە شێوەی دانپێنەنان دەبێت و دەبێتە بارگرانی بەسەر ڕووسیادا یان ڕووسیا هەوڵ دەدات، کە ئەو کێشەیە لە خۆی دووربخاتەوە؟ چارەنووسی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە چ شێوەیەک دەبێت؟. هەر بۆیە کارتەکانی بەردەستی ڕووسیا بریتین لە بەهێزکردنەوەی دووبارەی سوپا، نوێکردنەوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی، کە لە کاتی یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوونە و هەوڵ دەدرێت، کە ئابووربیەکی خۆماڵی بێتەکایەوە، هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە بەربەرەکانی زیاتری ناڕەزایەتی و ئۆپۆزیسیۆن دەکرێت. لە ڕووی ئابووریبەوە - هۆکاری سەرەکیی تەنگژەی ئابووری لە ڕووسیا دابەزینی نرخی نەوتە، ئەو هۆکارە لە ئاستی جیهانیشدا بووەتە هۆی کەمبوونەوە و لاوازبوونی سەرمایەگوزاری لە ناوەخۆی ڕووسیادا ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە چوونە دەرەوە یاخۆ هەڵاتنی سەرمایە لە ئاستێکی بەرزدابووە، بانکەکانی ڕووسیاش لە ڕووی دابینکردنی پارەوە بە حکومەت و ناوەندەکانی قەرزی نێودەوڵەتی بەستراونەتەوە، هەروەها گرژییەک سەربەهەڵداوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی، کە ئابلۆقەیان لەسەر ڕووسیا داناوە، ڕووسیاش ئابلۆقەی وەڵامدەرەوەی داناوە. مەترسییەکانی تەنگژەی بانکی، بەرزبوونەوەی هەڵایسان، کەمبوونەوەی دەرامەتەکانی ڕاستەقینەی بەکاربەران لە ناوەخۆی وڵاتدا و کەمی سەرچاوەکانی دارایی بە مەبەستی قەرزەرگرتن وا لە حکوومەت دەکات، کە لە داهاتووشدا سیاسەتێکی چالاکی دراوی و قەرزی نەبێت، هەروەها پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیش بۆ ئاستێکی جێگیر لەم نێزیکانەدا بەدی ناکرێت، بۆیە دەتوانین، کە چاوەڕێی تێکچوونی زیاتری macro-economics بکەین، نەک گەشەی ئابووری. بەپێی مەزندەکان بە درێژایی سالی 2015ئاستی نرخی نەوت لە رادەیەکی نزمدا دەبێ، بۆیە هێزی کڕینی ناوەخۆیش لە ئاستێکی نزمدا دەبێت. پێشبینی ناکرێت، کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کەم ببێتەوە بەڵام لە داهاتوودا لەبەر ئابلۆقەی ئابووری دەتواندرێت، کە تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان بە سەختی بەدەست بکەوێت و ئاستی سەرمایەگوزاری کەمبکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی گەشەی ئابووریش کزی بەخۆوە ببینێت. لەبەردەستنەبوون و کەمی سەرمایەگوزاری ناوەخۆیش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی سەرمایەگوزاری ناوەخۆیی، بۆیە تواناکانی جێگرتنەوەی بەرهەمی ناوەخۆیی لە هەمبەر بەرهەمی هاوردەکراودا کەمدەبنەوە. ڕووسیا دەیەوێت، کە کالاکانی خۆراکی بەرهەمهێنراوی ناوەخۆیی جێگرەوەی هاوردە بکات، بەڵام بەرهەمی ناوەخۆیش ڕووبەڕووی دابەزینی نرخی ڕۆبل و کەمی هاوردەکردنی خۆراک، کە خودی ڕووسیا لە هەمبەر وڵاتانی ڕۆژئاوادا گرتوویەتە بەر لەو هەلومەرجەدا قەبارەی خستنەڕووی بەرهەمی ناوەخۆی کەمە و بەشی پێداویستییەکانی ناوەخۆی ناکات، بۆیە دووبارە نرخەکان بەرزبوونەوە بەخۆوە دەبینن، هەروەها مەترسی ئەوەش هەیە، کە نرخی گەنمیش، کە ڕووسیا هەناردەی دەکات بەرزبێتەوە و دووبارە ڕووبەڕووی کێشەی هەناردەکردن دەبێتەوە. هەر لە بەرئەنجامی ڕووداوەکانی ئۆکراینا و دابەزینی نرخی نەوتدا ڕووسیا ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی ئابووری - سیاسی و دیپلۆماتی بووەتەوە، ئاستی گەشەی ئابووری بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە، وا چاوەڕوان دەکرێ، کە تێکڕای گەشە بگاتە سالیب 5%بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی، کە چەند ساڵ بەر لە ئێستە پێشبینی تێکڕای زائید دەکرا. دراوی ڕووسایی ڕۆبل نێزیکەی 100%نرخی خۆی لە بەرامبەر دراوەکانی دیکە لەدەستداوە، ڕۆژئاواییەکان و زۆر لە لیستۆژان چاوەڕێی دابەزینی زیاتری نرخی ڕۆبڵ بۆ لە 300%یان دەکرد.

کورتە چاوخشاندنێک بەسەر تایبەتمەندییەکانی میژووی ڕووسیا و بارودۆخی ئەمڕۆ

لە ڕووی میژوییەوە ڕووسیا پتر لە دوو سەدە لەژێر دەسەلاتی مەغۆلەکان و هەندێک کەمتر لەژێر کاریگەری ئیمپراتۆرییەتی بیزانتیدا بووە، تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم ڕووسیا وەکو وڵاتێکی پێرەوکەری میتۆدەکانی ڕۆژهەڵات دەناسرا، بەڵام پێتری یەکەم ئەو ئاراستەیەی گۆڕی و ڕووسیای بەرەو لاسایکردنەوەی ڕۆژئاوا هانداو، هەرچەندە ئەو پرۆسەیە چەندان جار لەلایەن ئیمپراتۆرانی دیکە و دەسەلاتدارانی یەکێتیی سۆڤیەتیدا ڕاگیرا یاخۆ پەکی کەوت. نیوەی پێوەری ڕووسیا لە ئاسیایە، نیوەکەی دیکەی لە ئەورووپایە. زۆر جار خزمایەتی لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی ئالمانیایی، ڕووسیای و نەمساویدا هەبووە. لە سەدەی هەژدەیەمدا ئیمپراتۆری ڕووسیا یەکەمین کە ڕووسیا ئاراستەی سیاسەتی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵاتی گۆڕیووە، بەڵام لەو هەلومەرجەدا ڕووسیا بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو بنێت. لە ڕووی گرینگی میژوویی بەراوردی کێبەرکێی ئابووریدا پێویستە بوترێت، کە ئیمپراتۆرییەتی بیزانتی یۆنانی خودان دەسەلاتێکی خاوی بێهێز بوو، بۆ چەندان سەدە توانای ڕکابەری لەگەڵ دوو هەرێمی بچووک و دانیشتوانی بە هەژمار زۆر کەمی کۆماری Repubblica di Genova و قێنیسیای نەبوو، هەر شەڕگانانی ئەو دوو هەرێمەیە وەکو هێزی سەرەکیی بەرگری لەکاتی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر ئەو ئیمپراتۆرییەتە دێنە ناسین.

ڕووسیا و ڕۆژئاوا لە باروودخی ئەمڕۆدا

زۆر پسپۆڕی ڕوسیایی و جیهانی بە بەردەوامی تۆژینەوە لەسەر ڕووسیا و ئاراستەی سیاسی و خواست و داهاتووی ئەو وڵاتە دەکەن و دەیانەوێت لە سیاسەتی ئەمڕۆی ڕووسیا و تایبەتمەندییەکانی تێبگەن، لێرەدا بە هەندەوەرگرتنی بۆچوونی جۆراوجۆر باسی گرینگترین خاڵی میژوویی و تایبەتمەندیی حکومی و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان دەکەم.

تایبەتمەندییەکانی دەسەلاتداریەتی ڕووسیا

* ڕووسیا هەمیشە لە ڕووی ڕێکخستنەوە جیاوازی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبووە- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕووسیادا ناوەندەکی بەهێزی بڕیاردەر هەبووە، کە هەر بەو ڕێکارانەوە شازادە و ئیمپراتۆرەکانیش لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەستنیشان دەکران، هەر بەو شێوەیە بڕیار لەسەر گۆڕینی ئاین و باوەڕی خەڵکیش دەدرا (بەیەک بڕیار بەر لە 100ساڵ لەمەوبەر، کە ئەمساڵ بیرەوەری بە مەسیحیکردنی ڕووسیا کرایەوە لەلایەن شازادە ڤلادیمێر فرە ئاینی ڕووسیا بۆ سەر ئاینی ئۆرتۆدۆکسی - سلاڤیانی گۆڕا).

* ڕووسیا وەکو میراتگری مەغۆلستان و بیزانتیە - ڕووسیا خۆی بە جێگرەوەی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی و دریژەپێدەری سیاسەتی ئەو ئیمپراتۆرییەتە دەناسێنێت، لە لایەکی دیکەیشەوە کاریگەری دوو سەدەی ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلی بەسەر ئەو وڵاتەدا هەیە، لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتیدا کاریگەری و میتودی هەردوو ئەو ئیمپراتۆرییەتە لەسەر ڕووسیادا بەبەرچاوە لە شێوەی بیزانتییەدا تەمەنی دەسەلاتی کورترىوو، لەو سیستمەیەدا کڵێسا بالادەست بوو، بەڵام دەسەلاتی مەغۆلەکان دریژخایەنتر و تۆندوتیژی زیاتری پێوەدیار بوو.

* گۆڕینی ئاراستەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا ژ لە سەردەمی ئیمپراتۆری هەرە بەناوبانگی ڕووسیا پێتری یەکەم لە کۆتایی سەدەی حەڤدیەم و لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا شێوە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ڕۆژئاوا گۆڕی، بە یارمەتی دەسەلاتێکی ناوەندی بەهێزی تۆندوتیژیش توانی، کە داببڕێتەوەرایەتی بەرەو میتودی ڕۆژئاوای ئەورووپایی بگۆڕێت. (لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بە خورتی هەموو خەڵکی ناچار بە تاشینی ردێن کرد و لەڕووی کولتووریشەوە ژن و پیاو ناچار کران، کە شێوەی جلوبەرگیان بگۆڕن و ژن و پیاو لە ڕووی مافدا یەکسانکران و لە ڕووی ئابووری و بازرگانیدا بەهاوشێوەی ئالمان گۆڕانکاریی ئەنجامدا)، بەڵام دووبارە چەندان تساری دیکەی ڕووسیای ئەو شێوە ئازادیانەیان سنووردارکرد، لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا بەیەکجاری دەرگەی وڵاتیان لەبەردەم جیهاندا داخست.

* کاریگەری بەندەگی کشتوکاڵ و هاوردەی پسپۆر - بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ ڕووسیا لەژێر ساکاری شێوە بەندەگییەکی کشتوکاڵیدا بوو، تەنیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕانکاری پێکراوە، بۆیە لە ئاستی زۆر فەرەواندا توانای دابینکردنی پسپۆری وەکو ئەندازیار، ژەنەڕاڵ، مامۆستا و ئەفسەری نەبووە، بەو هاوشێوەیەش ئیمپراتۆرەتی عوسمانی ئەو پسپۆرانەی لە دەرەوەدا دەهێن و بە بەراورد لەگەڵ ڕووسیا لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی زیاتر کاریگەری ئاینی بالادەست بووە، کە ئەوەش جیاوازییەکی گەورەی نێوانیان بوو.

* هێزی لەشکری ڕووسیا - ڕووسیا بەدرێژایی میژوو خودان ژمارەیەکی زۆری لەشکر بوو، کە لە سەربازانی جووتیاری هەژار پێکدەهات و بە تۆبزی خەڵکیان دەبردە سەربازی و بە بێ بەرانبەر نیوەی زیاتری تەمەنیان خزمەتیان دەکرد، بە میتودەکانی تۆندوتیژی هاوشێوەی شەڕقانانی ئاسیای ناوەڕاست شەڕیان پێدەکرا.

* پێڕەوی لە سیستەمی ئەوروپایی - بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بە هاوبەشی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئالمانی و نەمساوی - پڕووسیایی لە سەدەی 18دا پۆڵۆنیایان بەرێوە بردووە، لەو کاتەدا سیستەمی ئەوروپایی پێڕەو کراوە. خزمایەتییەکی نێزیک لە نێوان ئەو سێ ئیمپراتۆریەتەدا هەبووە.


چاکسازیە میژوویەکان: تەنیا لە لە ساڵی 1861 بەندایەتی سەر زەوی (() (Serfdomواتە جووتیار لەگەڵ زەویەکەی مامەڵەی پێدەکرا)) هەڵوەشێندرا و تا ڕادەیەک چاکسازی ئەنجامدران بە بەراورد لەگەڵ ئەورووپا ئەو ریفۆرمانە زۆر بەرچاو نەبوون.

* گەشەی ئابووری - سیاسی: لە پاش شۆڕشی 1905-1907ڕووسیا دەستی بە چەندان ریفۆرم کرد و کێشەکانی لەگەڵ ئینگلستان و فەرەنسا چارەسەر کرد، هەروەها لە ساڵی 1907 لەگەڵ وڵاتانی کێشەلەسەری ئاسیاش ڕێکەوتن، ئەو چاکسازییانە بوونە هۆی گەشەکردنی ئابووری ڕووسیا، بەڵام زۆری پێنەچوو، کە یەکەمین جەنگی جیهان و دووبارە سەرهەڵدان و شۆڕشی یەک لە دوای یەک لە ڕووسیا ڕووباندا و تزاری ڕووسیا ناچار بوو، کە بەشێک لە هێزەکانی لە بەرەکانی شەڕ بۆ مەبەستی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکانی ناوەخۆ بەکار بهێنێت، لە بەرئەنجامدا سیستەمی پاشایەتی ڕووسیا لە بەرەکانی شەڕ و ناوەخۆیشدا ڕووبەڕووی هەرەسهێنان بۆوە.

* لاوازی دامەزراوەکانی ڕووسیا - لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕووسیایی و عوسمانیدا دامەزراوەی بەڕێوەبەری ناوچەیی لاواز بوون، هەر بۆیە لە کاتی هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهان و شۆڕشەکانی ڕووسیا بە ئاسانی دارمان بەسەر ئەو ناوچە خۆجێیانەدا، لە سەروبەندی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشدا ئاتاتورک بۆ پاراستنی بەشێک لەو ئیمپراتۆریەتە دەستی بە دامەزراندنی تورکیا و چاکسازی کرد و لە سایەی سیاسەتێکی زیر و سەرکوتکەرانەدا توانی، کە وڵاتی تورکیا دابمەزرێنێت.

* دەسەلاتی بیروکراتی و بەهێزی ناوەندی یەکێتیی سۆڤیەت: لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتیشدا شورا خۆجێییەکان، کە بە گرینگترین ناوەندی دەسەلاتی دەناسران نەیانتوانی، کە بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆیان هەبێت، هەموویان گرێدراوی ناوەند و بیروکراتییەتێکی ناوەندی بەهێز بوون. جیاوازی سیستەمی ئیمپراتۆری ڕووسیایی لەگەڵ دەسەلاتی یەکێتیی سۆڤیەت لەوەدا بوو، کە کۆمۆنیستەکان هەوڵیاندا وڵاتێکی سەربەخۆ و جیاواز لە ڕۆژئاوا چێ بکەن، بەڵام لەبەر سنووردارى توانا‌کانی کێبەرکێ لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا نەیانتوانی، کە ئامانجەکانیان بپێکن و ئەو سیستەمەش لە کۆتایی هەشتاکاندا کۆتایی پێهێنرا.

ئەمڕۆ لە میژوودا



ساڵی 1500:
لویسی 12و فرناندۆی دووەم شانشینی ناپۆلیان لەنێوان خۆیان بەش کرد .



ساڵی 1909:
ئەمەریکا دەستی بە بونیادنانی بنکەیەکی گەورەی سەربازی کرد لە پیرل هاربەر .



ساڵی 1938:
لە دوای مستەفا کەمال ، عیسمەت ئینۆنۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیای گرتە دەست .



ساڵی 1962:
میری کوێت ڕەزامەندی سەبارەت بە دەستووری وڵات پیشان دا ، بەمەش کوێت بوو بە یەکەم وڵاتی کەندا و کە خاوەنی دەستوور بێ .



ساڵی 2006:
وەک نارەزاییەک بەرامبەر بە حکوومەتی سەنیورە ، حزبوڵا و بزووتنەوەی ئەمەل نوێنەرانیان لە حکوومەتی لوبنان کێشایەوە.



ساڵی 2010:
ئوسامە نوجێفی وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/11/11 ژمارە (5868)
خەبات



ئەورووپا..

بنیاتنانی دیوارگەلی نوێی بەرلین لەدژی پەنابەران

لە کاتێکدا ئەورووپا بە جۆش و خرۆشەوە یادی 30 ساڵەی ڕووخاندنی دیواری بەرلین دەکاتەوە، ئەو دیوارانەی کە وڵاتانی کێشوەرەکە بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پەنابەران هەڵیان چنیوە و ئەو تەلە دڕکاوییانەی سنوورەکانیان پێ تەنیوە، ئەوە نیشان دەدات لە ئەورووپا لە جیاتی ئازادیی، سنووردارکردن و دابەشبوون بااڵ دەستە.بەپێی ئەو زانیارییانەی پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵو هەڵێنجاون، لە نێستادا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا نزیکەی 20 دیوار و تەلی دڕکاویی هەن.ئەوە دەبینرێت کە ژمارەی دیوار و تەلە دڕکاوییەکان لەدوای قەیرانی پەنابەران لە ساڵی 2015دا، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە.

شەش هێندەی دیواری بەرلین، دیوار دروستکراون

بەپێی بەدواداچوونێکی دەزگای هەزریی، پەیمانگای ترانسئاتاڵانتیک، کە ناوەندەکەی لە هۆڵەندایە، لەدوای ڕووخاندنی دیواری بەرلین لە ساڵی 1989دا، زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر دیوار و تەلی دڕکاویی، دروستکراون.لە بەدواداچوونەکەدا هاتووە "وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و ناوچەی شنگن، لە ساڵانی 1990ەکانەوە تا ئێستا، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە کۆچی ئەو کەسانەی دەربەدەربوون، هەزار کیلۆمەتر دیواریان دروستکردووە. ئەمەش دەکاتە شەش هێندەی درێژیی دیواری بەرلین".ئاماژە بەوەشکراوە، کەشتییەکان کە سەرگەرمی ئەنجامدانی گەڕانن لە دەریاکان و پشکنینی تونبدوتۆڵ هەیە لەسەر سنووەرکان "دیواری نەبینراون" لە دژی پەنابەران، تیشک خراوەتە سەر ئەوەی ئەو کەشی ترسە ڕاستی و خەیاڵییەی لە ئەورووپا خوڵقێنراوە، تاوی داوەتە دوژمنایەتییکردنی بیانییان و جیهانێکی مەترسیداری بۆ کۆچبەران دروست کردووە.لە ڕاپۆرتێکی دیکەی هەمان دەزگای هزرییدا جەخت لەوەکراوەتەوە بنیاتنانی دیوارەکان و تەنینی سنووەرکان بە تەلی دڕکاویی، دەستکەوتی بەرچاوی بۆ کۆمپانیا پەیوەندییدارەکان دەستەبەرکردووە و باس لەوە دەکرێت کە قازانجەکە بڕی نزیکەی ملیارێک یورۆیە.

دیوارەکان لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا بەربڵاون

لە یەکێتیی ئەورووپا کە گرنگیی زۆر بە سەروەت و ئازادیی گەڕان دەدرێت و یەکێتییەکە ڕۆڵی داکۆکیکاری لە مافەکانی مرۆڤ لە ئەستۆ گرتووە، بەتایبەت لە دوای قەیرانی کۆچەوە ئەوە دەبینریت کە دروستکردنی دیوار بووەتە حاڵەتێکی بەرچاو.لە ئێستادا لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا بەمەبەستی ڕێگریکردن لەو کەسانەی کە لە جەنگ هەڵاتوون، دیوار و تەلی دڕکاویی دروست کراون.

یەکەم دیواری یەکێتیی ئەورووپا لە ساڵی 1993دا لەلایەن ئیسپانیاوە بە دەوری سەبتە (سوتە)دا کە خاکی ئەفریقایە، بنیات نرا. ئەو دیوارە درێژییەکەی 4.8 کیلۆمەترە، بەرزییەکەی سێ مەترە و لە تەلی دڕکاویی پێکهاتووە، لە ساڵی 2005دا دوای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران گیانیان لەدەستدا، گۆڕدرا. بەرزیی پەرژینەکان کرایە شەش مەتر و درێژیی دیوارەکەش بۆ 11کیلۆمەتر زیادکرا.

ئیسپانیا دیسان دیواری دووەمی بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پەنابەران لەسەر سنووری نێوان وڵاتەکەی و مەغریب، لە مەلیبا دروست کرد.یۆنان کە لە نێو وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا بە هەڵوێستی توندی لەبارەی پرسی کۆچ ناسراوە، لە ساڵی 2012دا پەرژینێکی بەرزی تەلی دڕکاویی لەسەر سنووری تورکیا دروست کرد.وڵاتێکی دیکە پەرژینی تەلی دڕکاویی لەسەر سنووری تورکیا دروستکرد، بولگاریا بوو. بولگاریا لە ساڵی 2013و لە قۆناغی یەکەمدا 30کیلۆمەتر و لە قۆناغی دووەم لە ساڵی 2016دا 146کیلۆمەتر پەرژینی تەلی دڕکاویی لەسەر سنووری تورکیا هەڵچنی.دوای ئەوەی کە لە ساڵی 2015دا قەیرانی پەنابەران تاوی سەند، بنیاتنانی دیوار لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا شێوەیەکی بەربڵاوی وەرگرت.هەنگاریا کە بە هەڵوێستی دژی پەنابەران ناوبانگی دەرکردووە، یەکەم وڵات بوو لەدوای قەیرانەکە کەوتەخۆی.لەدوای هەنگاریا، سڕیاش لەسەر سنووری وڵاتەکەی لە نێوان ناوچەکانی باکس-کیسکون و سۆنگراد، لە کێڵێبیا تەلی دڕکاویی تیژی دروستکرد.سلۆڤینیا بەدوای هەنگاریادا 15 کیلۆمەتر دیواری لەسەر سنووەرکەی دروستکرد و دوای ئەویش نەمسا کەوتەخۆ. نەمسا لە ساڵی 2016دا لەسەر سنووری نێوان وڵاتەکەی ئیتاڵیادا دیواری دروست کرد.سلۆڤینیا لەسەر سنووری وڵاتەکەی لەگەڵ کرواتیا، پەرژینی تەلی دڕکاویی بە درێژایی 150 کیلۆمەتر و بەرزیی دوو مەتر، بنیاتنا.وڵاتی ئێستۆنیا کە یەکێکە لە وڵاتەکانی باکووری ئەورووپا، لە ساڵی 2015دا دیواری لەسەر سنووری ڕووسیا دروستکرد و بەدواشیدا هەریەک لە لاتڤیا و لیتوانیا هەمان کاریان ئەنجامدا.فەرەنسا و بەریتانیا لە ساڵی 2016دا بڕیاریاندا خەرجیی دروستکردنی دیواری کاڵێ لەسەر سنووری نێوان هەردوو وڵات، بگرنە ئەستۆ.دانیمارک لە ساڵی 2019دا پەیوەندیی بە کاروانی دروستکردنی دیوارەکان کرد و بەمەبەستی "ڕێگریکردن لە بەرازە درندەکان" لەسەر سنووری وڵاتەکەی و ئەڵمانیا، پەرژینێکی بەرزی تەلی دڕکاویی دروستکرد کە ئەمە هاوکات ڕێگریی لە ئاگەری هاتنی پەنابەرانیش کرد.

مەقدۆنیای باکوور و نەرویج پەنایان بردە بەر دروستکردنی دیوار

مەقدۆنیای باکوور کە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی سیاسەتی دەرەوەی بریتییە لە ئەندام بوون لە یەکێتیی ئەورووپادا و وڵاتەکە دەکەوێتە سەر هێڵی ڕۆیشتنی پەنابەران بۆ ئەورووپا، لە ساڵی 2015دا بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پەرینەوەی پەنابەران بۆ وڵاتانی خۆرئاوای ئەورووپا، لەنێوان وڵاتەکە و یۆناندا پەرژینی تەلی دڕکاویی هەڵچنی.هاوکات نەرویج کە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا نییە بەڵام لە ناوچەی شنگندایە، لەسەر سنووری نێوان وڵاتەکە و ڕووسیا بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پەرینەوەی پەنابەرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەورووپا، دیواری بنیاتنا.

خاڵە نوێیەکانی دابەشبوونی ئەورووپا

ڕووخاندنی دیواری بەرلین کە هەموو ساڵێک لە ئەورووپا بە شانازییەکی زۆرەوە یاد دەکرێتەوە، وەک پێشهاتێک کە ڕۆڵی گەورەی لە ئازادیی، هاوپشتیی و هاریکاریدا بینیوە، لێک دەدرێتەوە.بێگومان ڕووخاندنی دیواری بەرلین کە ئەڵمانیای خۆرهەڵات و خۆرئاوای جیا دەکردەوە، گرنگیی خۆی هەیە.بەڵام ئەورووپا کە بەهۆی ئەم سەرکەوتنەوە ستایش دەکرێت، لە ئێستادا لەڕێگەی دروستکردنی دیوار لەبەرامبەر ئەو کەسانەی لە ستەم و جەنگ هەڵهاتوون، بەهاکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی کە خودی خۆی داکۆکییان لێدەکات، لەکەدار دەکات و کێشوەرەکە بەهۆی دروستکردنی سنووری نوێوە دابەش دەکات.

داواکاری ئەمەریکا بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەش و هەوا



حکوومەتی ئەمەریکا داواکاری فەرمی پێشکەش کرد بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەش و هەوا، کە لە ساڵی 2017 ڕایگەیاند لەو ڕێککەوتنە دەکشێتەوە. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە لەبارەی داواکاری وڵاتەکەی بۆ کشانەوەی لە ڕێککەوتنامەی پاریس بۆ کەش و هەوا.پۆمپیۆ ئاماژەی بەوە کرد کە بە فەرمی داواکاریان پێشکەشکردووە بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە و، ڕایگەیاند: "بەهۆی ئەو بارگرانییەی لەسەر گەلی ئەمەریکا، باج و کارەکانیان دروستی کردووە، سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بڕیاریدا بە کشانەوە لە ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ کەش و هەوا".لە لایەکی دیکەوە، شارەزایان باسیان لەوە کرد کە ڕێکارە پێویستیەکان بۆ کشانەوەی ئەمریکا لەو ڕێککەوتنە ساڵێکی پێدەچێت.

نێچووی ئابووریی سێ تریلیۆن دۆلار دەبوو

سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ لە 1ی حوزەیرانی 2017دا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کۆشکی سپی، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەش و هەوا دەکشێتەوە کە زیاتر لە 190 وڵات واژۆیان کردووە.ترەمپ ڕایگەیاند: "ڕێککەوتنەکە بۆ بەرەنگاربونەوەی گۆڕانکاری کەش و هەوا نییە، بەڵکو ئامانج لێی سوودمەندبوونی وڵاتانی دیکەیە لەرووی ئابووریيەوە دژ بە ئەمەریکا"، بانگەشەی ئەوەشی کرد کە ئەوە سێ تریلیۆن دۆلار زیانی ئابووریی لە ئەمەریکا دەدات و، دەبێتە هۆی لەدەستدانی شەش ملیۆن و 500هەزار هەلی کار.

ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەش و هەوا

ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەش و هەوا کە لە 21ەمین کۆنفرانسی لایەنەکانی گۆڕانکاری کەش و هەوای نەتەوە یەکگرتووەکان (COP21)، لە کانوونی یەکەمی 2015دا پەسەندکرا، لە نیسانی 2016دا لەلایەن زیاتر لە 190وڵاتی جیهانەوە واژۆکرا.ئامانجی سەرەکی ڕێککەوتنەکە کە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباما گەورەترین پشتیوانی بوو و خۆیشی ڕێبەرایەتی دانوستانەکانی دەکرد سنووردارکردنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەویيە بۆ نێوان 165بۆ 2پلە تا کۆتایی سەدە ساڵ. بەپێی ڕێکارییە یاساییەکانی ڕێککەوتنەکە، سکرتاریەتی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، زووترین کات لە چواری تشرینی دووەمی 2019دا داواکاری ئەمەریکا بۆ کشانەوە پەسەند دەکات. هاوکات پرۆسەی دوای پەسەندکردنی داواکارییەکە نزیکەی ساڵێک دەخایەنێت و، ئەمەریکا لە تشرینی دووەمی 2020دا دەتوانێت بە فەرمی لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە.

مانشێت



سکای نیوز:
بەهۆی ناسەقامگیری لە هەرێمی کاتاڵۆنیا، لە ماوەی 4 ساڵدا ئسپانیەکان بۆ جاری چوارەم ڕوو دەکەنە سندووقەکانی دەنگدان .



ئاسۆشێنێد پرێس:
لە پۆلیڤیا پۆلیس ئەرکی پاراستنی کۆشکی کۆماری وەلا نا و ڕووی کردە ناو خۆپیشاندەران .



ئیلاف :
لە سییەمین ساڵیادی ڕووخانی شوورەی بەرلیندا ، سەرۆکی ئەڵمانیا داوای لە ئەمەریکا کرد دەستبەرداری هاوپەیمانانی نەبێ و ئەوەندە خۆویستانە مامەڵە نەکات .



ئەی ئێف پی:
دادگایەکی ئسپانیا بڕیاری دا کە ژەنەرالێکی ڤەنزویلی کە بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر دەستگیر کراوە ، ڕادەستی ئەمەریکا بکات .



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
بەهۆی ئەو ئاگرە بەرفراوانەی کە لە چەند ناوچەیەکی ئوسترالیا کەوتۆتەوە ، دوو کەس گیانیان لەدەست دا.




کەنالی ئار تی :
لە چەند ویلایەتێکی ئەفغانستاندا 65 چەکداری تاڵیبان لەلایەن سوپای ئەو وڵاتەوە کوژران .

لە دیاردەیەکی فەلەکیی دەگمەن

نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەسارەی MERCURY (عوتارد) بە پێش خۆردا تێدەپەڕێت







بێ بەکارهێنانی فلتەری خۆر، بە هیچ شێوەیەک ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تلسکۆب و دووربین و کامێراوە سەیری خۆر نەکەی

وەک یەکێ لە دیاردە فەلەکییە دەگمەنەکان کە لە ئاسمانی وڵاتان بە گشتی و هەندێ جاریش لە کوردستان بە تایبەتی دەبینرێت، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، دووشەممە 2019.11.11 کاتژمێر 03:35، هەسارەی هەرە نزیک لە خۆرو بچووکترینیان، کە ئەویش (Mercury) یان (عوتارد) ە، بە پێش خۆردا تێدەپەڕێت.

لە ڕووی زانستییەوە ئەم دیاردەیە بریتییە لە تێپەڕبوونی دیسکی ئەو هەسارەیە، کە لەسەر شێوەی بازنەیەکی ڕەشی زۆر بچووک دەبێت، بە پێش دیسکی زەبەلاح و ڕووناکی خۆردا، بەم شێوەیە، فەلەکناسان و ڕوانگەکاران دەتوانن بە جوانترین شێوە، هەسارەکە ببینن.

لە هەر سەدەیەکدا 13بۆ 14جار ڕووەدات و بۆ یەکەمجار لەلایەن فەلەکناس (پییر گاسێندی) لە 1631.11.7 بۆ یەکەمجار وەک بینراوەو وەک دیاردەیەکی فەلەکی تۆمارکراوەو دوایین دیاردەش لە 2016.5.9دا ڕوویداو لە کوردستانیشدا بینراو وێنەشی گیراو، هەروەها تێپەڕبوونی داهاتووشی لە 2032.11.13دەبێت و ناسراویشە ڕوانگەکار لە ناوچەیەکی کراوە بێت و هیچ بەربەستێکی سروشتی یان دەستکرد لەو کاتەوە لەو ئاراستەیەدا نەبێت، ئەگینا ناتوانێ تا دوایین خاڵی بینینێ دیاردەکە ڕوانگەبکات.

کاتژمێر 4:58ی دوای نیوەڕۆ: لەگەڵ ئاوابوونی خۆر، چیتر ناتوانرێ لە هەرێمی کوردستاندا ئەو دیاردەیە ببینرێت.

کەواتە، هەڵی بینینی ئەو دیاردەیە لە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا تەنها 1 کاتژمێرو 23 خولەک دەبێت، بەڵام کۆی گشتی کاتی دیاردەکە، لە دەستپێک تا کۆتایی، 5 کاتژمێرو 29 خولەک دەخایەنێ و باشترین ناوچەش بۆ بینینی دیاردەکە لە دەستپێک تا کۆتایی، ناوچەی سێگۆشەی سنووریی نێوان (بەڕازیل و ئۆرگوای و پاراگوای) یە لە (ئەمریکای باشوور) دا.

چۆنییەتی ڕوانگەکردن و هەڵبژاردنی شوێنگە

بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێمی کوردستاندا، ماوەی دیاردەکە وەک ئاماژەم پێدا کورتە، بۆیە، لە پێناو دەستکەوتنی باشترین دەرەنجام بۆ ڕوانگەکردن و وێنەگرتن (ئەگەر هەوا:

بێ گومان ئاسمان ساماڵ بێ و بە هەوری چینە نزمەکان نەگیرابێت، وە بە پێی پێشبینییە کەشناسییەکان، هیوا وایە ڕۆژی دووشەممە 2019.11.11 ئاسمانی هەرێمی کوردستان ساماڵ بێت.

نەبوونی هیچ جۆرە بەربەستێکی سروشتی وەک (شاخ و گرد و دارستان) یان دەستکردی وەک تەلارو باڵەخانە بەرزەکان، تەنانەت نزمەکانیش لە کاتی نزیک بوونەوە لە ئاوا بوونداو کێشە دەنێتەوە.

دووركەوتنەوە لە کەشی دووکەڵاوی و پڕ لە تەپ و تۆزی شارەکان، بە تایبەتی گەورەکان بۆ دووركەوتنەوە لە کاریگەریی پیسبوونی هەوا لەسەر کوالیتی بینین و وێنە فۆتۆگرافییەکاندا.

هەڵبژاردنی بەرزترین خاڵ (وەک شاخ یان گردێکی بەرز) یان بە پێچەوانەشەوە، لە دەشتاییەکی تەواو تەخت بێ بوونی هیچ بەربەستێک لە نزیک خۆت یا لە ئاسۆی ڕۆژئاواو و باشووری ڕۆژئاواو دوور لە شارە گەورەکان، هەردووکیان هەمان دەرەنجامی ڕەزابەخشت پێدەدەن.

دیاردانەدا، تەنانەت ئەگەر (چاویلگەی خۆر) یشت هەبوو، ئەوانەی بۆ سەیرکردنی خۆرگیرانەکان بەکار دەهێنرێن ناشێت بۆ ئەو کارە بەکاری بهێنی، چونکە پێویستە (دەرچەی پێشەوەی تلسکۆب، دووربین یان کامێرا) بگریت و لەوێوە ڕێگەبگریت لە هاتنە ژوورەوەی تیشکی بەهێزی خۆر بۆسەر چاو یان کامێرایەکەت، نەوەک لە دواوە ، واتە لەو هاوێنەیەی کا چاوتی لەسەردا دادەنێیت کە هەرگیزاو هەرگیز نابێ ئەو کارەش ئەنجام بدەی، چونکە تیشکی خۆر لەو خاڵەدا کۆبوویتەوەو ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی سووتانی هاوێنە یان بیلبیلە یان تۆڕ (شەبەکییە) ی چاو.

ماوەتەوە بڵێین ئەو دیاردەیە هیچ کاریگەریی نییە لەسەر زەوی و بەهیچ شێوەیەک نابێتە هۆی هیچ جۆرە دیاردەیەک و کارەساتێکی سروشتی لەسەر هەسارەی زەویدا.

خوێی چێشتلێنان لە دووری سەدان ملیۆن کیلۆمەتردا دۆزرایەوە!



(موشتەری) گەورەترین هەسارەی نێو سیستەمی خۆرەو 79 پاشکۆی بەدۆریدا دەخولێنەوەو چواریان گەورەن، پسپۆڕانی فەلەکناسی ماوە ماوە ئاماژە بە هەندێ دۆزینەوەی سەرنجڕاکێش دەکەن لە میانەی ئەنجامدانی پڕۆسەی شیکردنەوەی ئەو داتایانە کە لە ماوەی چەندین ساڵدا لە لایەن کەشتی ئاسمانی پێشووتری (کاسینی) ییەوە بە دەستیان گەیشتووە.

(یۆرۆپا) یەکێکە لە پاشکۆیە هەرە سەرنجڕاکێش و ناودارەکانی هەسارەی (موشتەری) یەو لەلایەن (کاسینی) ییەوە هەزارەها دیمەنی ناوازەو داتای زۆر گرنگی لێ وەرگیراوەو بەم دواییە، تیمێک لە فەلەکناسانی (زانکۆی کالتێک بۆ هەسارە گەڕۆکەکان) و (Jet Propulsion Laboratory) لە (کالیفۆرنیا) هەڵسان بە شیکردنەوەی چەند گرتەیەکی ڕووی ئەو پاشکۆیە کە بە تەواوی بە سەهۆڵ داپۆشراوە، بەڵام لە چەندین ناوچەدا، ڕووبەری ڕەنگ زەردی کراوەیان بینی و دەرکەوت کەوا ئاوێتەی کیمیایی (کلۆریدی سۆدیۆم) ە، واتە دەرەنجامی ڕەزابەخشت پێدەدەن.

ناسا بە نیازە هێلیکۆپتەرێک ڕەوانەی مەریخ بکات

ئەندازیارو دیزاینەرانی ئاژانسی ناسا خۆیان ئامادەکردووە بۆ ناردنی یەکەم هێلیکۆپتەر لە میژووی زانستی فەلەکناسیدا بۆ ئاسمانی هەسارەی (مەریخ) لە ساڵی 2020دا. ئەم هێلیکۆپتەرە ناونراوە NASA's Mars Helicopter بە وزەی خۆر کاردەکات و دەتوانێ لەکەش و بارودۆخی زۆر سەختیشدا کاربکات، بەڵام هێشتا پێویستە تاقیکردنەوەی زیاتری لەسەردا بکرێت و بزانرێ ئاخۆ دەتوانی 100%لەنێو بەرگە هەوای سووکی مەریخدا بفڕێت، چونکە پێکهاتەو چڕی و داینامیکییەتی هەوای مەریخ زۆر جیاوازترە لەگەڵ زەوی، وە ئەگەر سەرکەوتن وەدەست بهێنێت ئەوا خزمەتێکی زۆری پسپۆڕان دەکات چونکە دەتوانێ لە ئاستێکی زۆر نزمدا بفڕێ و وردەکاریی یەگجار زۆر زیاتر بۆ هەر ناوچەو ڕووبەرێکی سەرنجڕاکێشی ئەو هەسارەیە بداتە پسپۆڕان.

بە پێی پلان، ئەو هێلیکۆپتەرە لە 2020.7.5 لە بنکەی (کێپ کەناڤیرال) لە (فلۆریدا) هەڵدەدرێتە ئاسمان و لە ڕێگەی کەپسوولەیەکی تایبەتییەوە ڕەوانەی مەریخ دەکرێت و لە 2021.2.18 لە ناوچەی ناسراو بە (Jezero Crater) دا دەنیشێتەوە.



دوای مردنیشیان هەسارەکان شەپۆلی ڕادیۆیی دەنێرن



گۆڤاری ناوداری (کۆمەڵەی فەلەکیی شاهانە) ی (بەریتانی) دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا هاتووە، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر چەند هەسارەیەکی مردوو کە بەدەوری ئەو ئەستێرانەدا دەخولێنەوە کە ئەوانیش مردوون و لە جۆری (گرگنە سپییەکان) ندا بۆیان دەرکەوتووە کەوا خودی ئەو هەسارانە کە بێگومان دوای مردنی ئەستێرەکەی ئەویش ئەگەر هەر سیمایەکی ژیانی لەسەردا هەبێت ئەوا نامێنێت، بەڵام ناوجەرگەی ئەو هەسارانە بەدەوام دەبێ لە ناردنی شەپۆلی ڕادیۆیی بە درێژایی یەک ملیار ساڵ پاش مردنی ئەستێرەکەشی.

لەمبارەیەوە، (دیمیتری فیراس) ی پسپۆڕی بەشداربووی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەڵێ:" مانەوەی ئەو هەسارانەی کە ئەستێرەکانیان دووچاری تەقینەوەی چینە دەرەکییەکانیان بوونەوتەوەو نیمچە مردوون، بەستراوەتەوە بە ئەو چینە دەرەکیانەی کە هەسارەکەی لێ پێکدێت و ئێستاش بۆمان دەرکەوت کەوا ناوک یان کاکڵی ئەو هەسارە مردووانە بۆماوەی یەک ملیار دوای مردنی ئەستێرەکەی هەر بە چالاکی دەمێنێتەوە و شەپۆلی ڕادیۆیی فڕە دەداتە بۆشایی ئاسمانەوە، ئەمەش وادەکات ئەو تەنە مردووانەش بدۆزینەوە".

ڕاهێنەری تازەپێگەیشتووانی هەولێر بۆ خەبات:

هەر کاتێک یانەی هەولێر کاری بەمن بوو ئامادەم دەست لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبگرم



دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان

حەسەن قادر لەسالی 2015-2016بووە ڕاهێنەری تیپی تازەپێگەیشتووانی هەولێر و تائێستا ناوبراو لەگەڵ ئەو تیپە بەردەوامە، وا□ریارە مانگی داهاتوو خولی تازەپێگەیشتووانی کوردستان لەسەر ئاستی یانەکان دەستپێبکات، تازەپێگەیشتووانی هەولێریش ئامادەکاری بۆخولەکە دەکات و ڕۆژانە بەپێی بەرنامە مەشق وڕاهێنان ئەنجام دەدەن، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر چۆنیەتی ئامادەکاری تیپی تازەپێگەیشتووانی هەولێر بۆ خولی کوردستان ڕاهێنەر حەسەن قادرحەمە عەلی بۆ ئەم مەبەستە گوتی: بێگومان ئەمسالّ ئامادەکارییەکی تەواومان بۆ خولەکە کردووە و چاوەڕێی بڕیاری دەستەی کارگێری یانەی هەولێرم هەر کاتێک پێم ڕابگەیەنن من خۆم و یاریزانەکانم ئامادەین، بەشێوەیەکی باش دەست بەمەشق وڕاهێنان بکەین وەک ئامادەکاری بۆ خولی تازەپێگەیشتووانی کوردستان، بێگومان بۆ ئەم وەرزەیش هەموو تواناکانی خۆمان دەخەینە گەڕ جگە لەئەنجامی بەرز هیچ ئەنجامێکی دیکە لەخولەکەدا بەدەست نەهێنین، ئەگەرچی پارسالّ لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووانانی کوردستان پلەی یەکەمان بەدەستهێنا بووینە پالّەوان، ئەمسالّیس واتە سالّی 2019 توانیمان پلەی سێیەمی کوردستان بەدەست بهێنین، سەرەڕای بەدەستهێنانی ئەنجامی بەرز و بەرچاوی خولی کوردستان، ئەمسالّ خۆشبەختانە توانیمان چەندین یاریزانی تازەپێگەیشتووانی نێو تیپەکەمان سەربخەین بۆ ڕێزی تیپی لاوانی هەولێر بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەئاست و ئەزموونیان لەکاتی یاریپەکاندا.

هەر لەبارەی دەنگۆی دوورخستنەوەی لەڕیزی تیپەکە و دانانی ڕاهێنەرێکی دیکە لەشوێنیان، ڕاهێنەر حەسەن قادر ڕاشکاوانە گوتی: هەر کاتێک یانەی هەولێر کاری بەمن بوو، من لەخزمەتیاندا دەبم تا لەهێز و توانامدابێت، هەر کاتێکیش منیان پێویست نەبوو ، من ئامادەم دەست لەپۆستی ڕاهێنەرایەتی تیپەکەم هەڵبگرم، بەڵام سەبارەت بەدوورخستنەوەم لەیانەکە ئەمە قسەیە هیچ بنامەیەکی نییە و دووڕە لەڕاستی .



قیدال بەڵێنەکەی بەجێگەیاند

لەم کاتەدا ئارتۆر قیدالی چیلی و ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لە باشترین ئاستیدایە و ئەو بەڵێنەی خۆی بەجێگەیاند کە ڕایگەیاندبوو بڕوای بەخۆی هەیە متمانەی ڤالڤێردی بەدەست بهێنێت و لە پێکهاتەی سەرەکی خۆی ببینێتەوە.



قیدال دەڵێت: هەموو توانایەکم بۆ ئەوەیە باشترین ئاست پێشکەش بکەم و ئێستاش لە ئاستی خۆم ڕازیم، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لێرەوە بوەستم، هەروەها گوتی: یاریکردن لە یانەیەکی بەرشلۆنە تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش وا لە یاریزان دەکات باشترین ئاست پێشکەش بکات.
جیی باسە قیدال یەکیکە لەو یاریزانانەی کە لەهەر یاریپەکدا زۆرترین تۆپ لەیاریزانی بەرامبەر وەردەگرێت.

سون: تۆتنهام ماڵی دووەمە



کیم سونی یاریزانی کۆریای باشوور و یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی توانی لە گەڕی 12ی خولی ئینگلیزی گۆڵێک لە یانەی شیفیلد یونایتد بکات، کە ئەمەش پینجەم گۆڵی ئەم وەرزەیتی لە هەموو پێشبڕکێیەکاندا، دوای ئەم گۆڵە ئەو یاریزانە بەمیدیاکانی ڕاگەیاند کە تۆتنهام بۆ ئەو وەک ماڵی دووەمە و هەرچی لەتوانایدا بێت ئەیکات بۆ ئەوەی یانەکەی لە پێشەوەدا ببینیتەوە.
ئەو یاریزانە دەڵێت: تۆتنهام یانەیەکی گەورەیە و لەناو یاریگاشدا بەئاسانی خۆبەدەستەوەنادات، هەروەها گوتی: ڕاستە لە سەرەتای دەستپێکی ئەم وەرزەدا وەک پێویست ئەو ئاستەمان پێشکەش نەکرد، بەڵام بەڵێن بەجەماوەری یانەکەمان دەدەین کە یەکێک بین لە چوار یانەکەی پێشەوەی خولی ئینگلیزی.

چێڵسی و شەش بردنەوە لەسەر یەکتری

یانەی چێڵسی توانی لە خولی ئینگلیزی ئەم وەرزەدا شەشەم بردنەوە لەسەریەک تۆماربکات، دوای ئەوەی لە دوا یاریپدا بەئەنجامی 2-0 لە یانەی کریستال پالاسی بردەوە.
ئامارەکانی ئەو یانەیە دەریدەخەن کە یانەی چێڵسی کاتێک لەوەرزی 2017 نازناوی خولی ئینگلیزی بەدەستهێنا، تەنها ئەوکات 6بردنەوەی لەسەریەکتری هەبوو، ئەمەش ئامازەیەکە بۆ ئاست بەرزی ئەم وەرزەی یانی بلوز لە خولی ئینگلیزی.



لیڤاندۆفسکی: بایرن پێویستی بە کەسێکی نموونەییە لەناو یاریگادا

ڕۆبرت لیڤاندۆفسکی هێرشبەری باڤاری پێی وایە یانەی کە یانەی بایرن میونشن لەناو یاریگا یاریزانی سەرکردەی نییە، ئەم یاریزانە دەڵێت: پێویستە لەهەموو بوارەکانی یانەکە لە گۆڵچی لە بەرگری لە ناوەڕاست و لە هێرشبردن، یاریزانێکی سەرکردە هەبێت و ئەو کەسەش نموونەیی بێت، بەتەنها یاریزانێک ناتوانێت سەرکردایەتی تیپێک بکات، هەروەها گوتی: هەندێ جار کێشە بۆ یاریزانە لاوەکان دێتە پێشەوە کە ئەویش زمان نازانن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 11. Nov. 2019 No: (5868)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە وڵاتی ئێمە هونەرمەند لەگەڵ گۆرانییێژ جیا ناکرێتەوە

بێوار عزەت: هونەرمەند دەبێت بەردەوام داهێنان بکات بۆ ئەوەی هونەری کوردی بەرەو پێش بچێت



خەبات: سۆزان سلێمان

هونەرمەندی لاو بە توانا بێوار عزەت پێش چەند ساڵێک بە کۆمەڵێک بەرهەمی جوان دەرکەوت، بەڵام دواتر بۆ ماوەیەک کارەکانی رووبان لە کەمبوونەوە کرد، بەم دواییە بە کۆمەڵێک کاری ناوازە دەرکەوتەوە ، لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات باسێکی کورتی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت:لە ساڵی 1983لە وڵاتی ئێران لە ئۆردۆگای زێوە لە دایکبووم، و لە ساڵی 1991 گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان، ناوبراو باسی سەرەتای دەسپێکی کاری هونەری خۆی دەکات و دەڵێت: سەرەتای دەسپێکی کاری هونەریم بۆ ساڵی 2002 دەگەڕێتەوە لەو ساڵەوە دەستم پێکرد ووە هەروەها لە ساڵی 2003 بە تەواوەتی هاتمە نێو دنیای هونەرەوە،

یەکەم بەرهەمی تایبەت بە خۆم لە ساڵی 2003 بە ناوی "مەرجان مەرجانی" بڵاوکردەوە ئەو کاتی گۆرانییەکە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی بەخۆیەوە بینی ، گوتیشیی : تا ئێستا خاوەنی ئەلبومێکم وە زیاتر لە 10 ڤیدیۆ کلیپم هەیە، ئاشکراشیی کردو گوتی: هونەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەز و ئارەزوویەکی تایبەتم بووە، وە پیشەی سەرەکیشمە وە بەبێ هونەریش هەرگیز ناتوانم بژیم ، سەبارەت بە پشتگیریی لەکارەکانی دەڵێت: تا ئێستا کارەکانی خۆم هەرخۆم پالپشتی خۆم بوومە تا ئێستا کەس یارمەتی نەداوم ، لە بارەی ئەوەی هونەرمەند بوون چ شتێکی لێ سەندۆتەوە دەڵێت: هونەرمەند بوون و بە ناوبانگ بوون ئازادی لێ سەندومەتەوە، لە پرسیارێکدا کە ئایا چۆن بتوانرێ هونەری کوردی پێشبخرێت ؟ لە وڵامدا دەڵێت: خۆی لە راستیدا دەبێت هونەرمەند بەردەوام داهێنان بکات لە کارەکانیا بۆ ئەوەی بتوانێت هونەری کوردی بەرەو پێش بڕوات تازەگەری پێویستە بەرای من بۆ هونەرمەند،

لەبارەی ئەو ئاستەنگانە چیێن کە ڕووبەڕوی هونەرمەندان دەبنەوە ؟لە وڵامدا دەڵێت: یەکێک لە وانە لە وڵاتی ئێمە بە تایبەتی لە هونەری کوردی دا ، هونەرمەند لەگەڵ گۆرانی بێژ جیا ناکرێتەوە کاری خراپ لەگەڵ کاری باش دیسان جیا ناکرێتەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە تا ئێستا هونەری کوردی دواکەوتوبێت،گوتیشیی بێجگە لە کاری گۆرانی گوتن ئاواز دادەنێم هەندێک جار تێکستیش دەنوسم بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئێستا لە کوردستان سەرقاڵی کاری بزنسم بۆ ئەوەی بتوانم هونەری خۆم بەخێو بکەم چونکە لە وڵاتێ ئێمە هونەر تۆ بە خێو ناکات بەداخەوە،ئامازەی بەوەش دا و گوتی؛ بەڕای من هونەری کوردی ئێستا زۆر خراپە با واقع بین لەگەل هونەرا، هەروەها من زیاتر حەز بە ئامێری گیتار دەکەم وە هەموو هونەرمەندیشم خۆش دەوێت ئەوەی بە جدی کار بۆ هونەری کوردی دەکات،لە بارەی نوێترین کاری خۆیەوە دەڵێت؛وەک و ڤیدیۆ کلیپ لە ئێستادا سەرقاڵی 2 کلیپم کە یەکێکیان بە زاراوەی بادینیە یێکێکیشیان بە زاراوەی سۆرانیە ، لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم هیوادارم ئەو خەڵکانەی کە گوێ لە هونەرمەند دەگرن بزانن کە کێ کاری باشی کردووە و کێ کاری خراپی کردووە بەداخەوە هونەر لای هەندێک لە گەنجەکانی کوردستان بووەتە هەوەس وا دەبینم بە داخەوە وە هیوادارم ئەوە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە .

ئینستاگرام گۆڕانکاری لە نیشاندانی "لایک" دەکات



کۆمپانیای ئینستاگرام تاقیکردنەوە بازرگانییەکەی گەورەکرد و ژمارەی لایکەکانی سەر وێنەی بەشێک لە بەکارهێنەرانی لە شەش وڵات دەشارێتەوە و لە داهاتووشدا هەموو جیهان دەگرێتەوە. لە هەوڵێکدا وێبسایتی سکای نیوز ئاماژەی بەوەکردوە، کۆمپانیای ئینستاگرام کە سەر بە فەیسبوکە، تاقیکردنەوەی شاردنەوەی ژمارەی لایکەکانی سەر وێنەکانی کردووە، لە سەرەتادا لە کەنەدا تاقیکردووەتەوە و لەم دواییانەدا رایگەیاندووە کە ژمارەی لایکەکانی شەش وڵاتی دیکە کەمدەکاتەوە.کۆمپانیای ئینستاگرام جەختی لەوەکردووە، تاقیکردنەوەکە وڵاتەکانی ئوسترالیا و بەرازیل و ئێرلەندا و ئیتاڵیا و ژاپۆن و نیوزلەندا دەگرێتەوە، بەکارهێنەرانی ئینستاگرام لەم وڵاتانە ناتوانن ژمارەی لایکەکانی سەر وێنەکان ببینن.بەکارهێنەرانی ئینستاگرام دەتوانن ژمارەی لایکەکانی هەمور وێنەکان بەن، کە ئەوە ژمارەیەکە کە لە ژێر وێنەکان نیشان دەدرێت و دەنوسرێت. بەڵام لە ئێستادا تەنها دەنوسرێت "چەند کەسێک لایکی ئەم بڵاوکراوەیەیان کردووە"، بەڵام ژمارەی لایکەکان نازانرێت تەنها لە حاڵەتێکدا کە داوای لیستی ئەو کەسانە بکرێت کە بەدڵیان بووە، لەم کاتەدا دەبێت ئەو کەسانە بڕمێردرێت. هەروەها کۆمپانیاکە رایگەیاندووە، ئەو ژمارەی لایکەکان دەشارێتەوە، چونکە دەیەوێت بەکارهێنەران زیاتر تەرکیز بکەنە سەر ناوەرۆکی وێنەکان نەک ژمارەی لایکەکان.شایەنی باسە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە، ئادەم موسیری چەند مانگێک بەر لە ئێستا لە لێدوانێکدا وتی: نامانەوێت ئینستاگرام ببێت بە شوێنێک بۆ رکابەری، دەمانەوێت خەڵک کەمتر گرنگیی بە ژمارەی لایکەکان بدەن، بەڵکو زیاتر گرنگیی بەوە بدەن بەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەسانە دروست بکەن کە خۆشیان دەوێن.

یارجان بە شاجوانی هەڵبژاردەی خەڵک هەڵبژێردرا



هەمزە سەرحان


مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی ئاسیا لە وڵاتی ڤیتنام کۆتایی هات و شاجوانی فلیپین نازناوی شاجوانی ئاسیای بە دەستهێنا .لە مەراسیمەکەدا (کەیشا چوا) شاجوانی فلیپین وەک شاجوانی ئاسیا هەڵبژێردرا و هەریەکە لە شاجوانی کۆریای باشور و ڤیتنام وەک هاوڵی یەکەم و دووەمی شاجوان هەڵبژێردران.هاوکات کچە کوردی شاری سلێمانی یارجان کە بەشداری لە مەراسیمەکەدا کردبوو ، بەهۆی ئەوەی زۆرترین دەنگی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کۆکردبوویەوە وەک شاجوانی ئاسیای هەڵبژێردراوی خەڵک دەستنیشان کرا.



هەردی سەلامی نوێترین بەرهەمی بەناوی "دڵفرۆش" بڵاودەکاتەوە

هونەرمەند و دەرهێنەری لاو هەردی سەلامی نوێترین بەرهەمی خۆی بەناوی "دڵفرۆش" بڵاوکردەوە جارێ دیار نیە کە بەشێوەی کلیپ دەبێت یاخود هەر بەشێوازی گۆرانی دەبێت.هەردی سەلامی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام ترایلەری نوێترین بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە بەناوی "دڵفرۆش" کە بەم زوانە بڵاوی دەکاتەوە، تێکست و ئاوازەکەی لەلاین هەردی سەلامی خۆیەوە دانراوە و ئەفشین شوکر کاری ئەرجمێنتی بۆ ئەنجامداوە.هەردی سەلامی هونەرمەند و دەرهینەر لەدایکبووی ساڵی **1978**و لە سلێمانی لەدایک بووە و دەرچوی بەشی شانۆی پەیمانگی هەنەرە جوانەکانە ، سەرەتای دەرکەوتنی بە کاری دەرهێنەریدەستی پێکرد و ئاوازی بۆ هەندێ هونەرمەند دادەنا و دواتر هاتە نێو جیهانی هونەرەوە دەست بە گۆرانی وتن کرد و خاوەنی چەندین کلیپ و بەرهەمی خۆیەتی کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە لە ناو خەڵکدا هەواداریکی زۆریشی هەیە.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

سەیرە، برا وەڵڵا سەیرە
هەندەک جاران
قاڵوچەش تەیرە
خوایە بمانپارێزی
لەشەری غەیرە
مەنجەڵەکە بلّق بلّق دەکوڵێت
کوردیش
لەپلە و پۆست و پایە دەدوێت
ئاگری بورکانەکە
وا بەرز دەبێتەوە
تازە بەتازە کورد وا غلۆر دەبێتەوە
گورگەکان
لە هەر چوار دەور دەلوڕێنێ
کەچی کورد
قەوانی سواو دەژەنن
کەمتیارەکان
لەهەمور لاوە وا لەبۆسەن
کەچی کورد
هەروا لەبن لێفەن
سەیرە، برا وەڵڵا سەیرە
وا خەریکە
رێسەکە ببێتەوە خوری
کەچی کورد
سترانی دەوروبەرەکەی دەچڕی
وا خەریکن
بە یەکجاری بمان سڕنەوە
بەرپێنە دەدەنە یەکتر لەبنەوە



رۆبۆتێکی نامۆ دروست دەکرێت

ئەندازیارانی زانکۆی تۆرۆنتۆی کەنەدی توانیان رۆبۆتێکی بچوک دروست بکەن کە وەک کرم لەسەر زەوی دەڕوات و لە دروستکردنی ئەو رۆبۆتە تەکنیکێکی نوێیان بەکارهێناوە کە زیاتر لە فرۆکەدا بەکاردێت.جێی ئاماژەپێدانە توێژەران کارپێکەرێکی میکانیکی کەهرۆگەرمییان بەکارهێناوە بۆ لاسایی کردنەوەی کاردانەوەی ماسولکەکان و لەکاتی سەرما دەچێتەوە ناو یەک و لەکاتی گەرمادا ئاسایی دەبێتەوە.هەروەها شایەنی باسە توێژەرەکان ئەم تەکنیکەیان لە زانستی رۆبۆتەکان بۆ بەرەو پێشبردنیان بەکارهێناوە کە دەتوانێت بە خشکانی بڕوات و ئاوڕ بداتەوە و دەخوازن لە داهاتوودا ببێتە رۆبۆتێکی ئاسنی زەبەلاح.

